# ئاسۆی کتێبخانە

بڵاوکـراوەیەکی مانگانەی تایبەتمەندە بەزانستی کتێبخانەو زانیارییەکـان

کتێبخانەی گشتیی سلێمانی دەریدەکات

ژمارە (١٩) ٢٠١١/٤/١٣


## ژمارەی سپاردن بۆ (٢٤٨) کتێبی نوێ

**تابان**

لەهەر سێ مانگی (کانونی دووەمو شوباتو مـارت) ی سـاڵی ٢٠١١ دا، بەشـی سـپاردنی کتێبخانـەی گشتیی سلێمانی، ژمارەی سپاردنی بەخشیوەتە ( ٢٤٨) کتێب لەبوارە جیاجیاکاندا.

بەڕێز کارزان شێرکۆ، لێپرسراوی بەشی سپاردن ئاماژەی بۆ بابەتی کتێبـەکان کـرد لـە مـاوەی ئـەو سێ مانگەدا، کە بەمجۆرە بوون:

زانستە گشتییەکان/ ١٢ کتێب، فەلسەفە/٨ ، ئایین/٤٦ ، زانستە کۆمەڵایەتییەکان/٤٨ ، زمـان/١٢ ، زانـسـتە پراکتییـەکان/٥ ، هونـەرە جوانـەکان/ ١٤ ، ئـەدەبیات/٦٥ ، مێـژوو/٢٧ ، جوگرافیـا/٥ ، یاداشت/٦ .

جێگـەی ئامـاژە پێدانـە کـە (١٧٧) لـەم کتێبانـە بابـەتی نووسـراونو (٧١) کتێبیـشیان بابـەتی وەرگێڕانن.

## لە کتێبخانەی گشتیی بازیان فێستیڤاڵی ساڵانەی هونەریی سازدەکرێت



**رامان مەحمود/ بازیان**

بـە ئامـادەبوونی هەریـەك لـە بەڕێوەبـەری ناحیـەی بازیـانو بەڕێوەبەری گشتیی پـەروەردەی سـلێمانیو بەڕێوەبـەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانیو بەرپرسـانی سـنوورەکە، فیستیڤاڵی ساڵانەی هونـەریی لـە بازیـان رۆژی ٢٠١١/٤/٣ لـە کتێبخانـەی گـشتیی بازیـان بەبەشـداریی (٢٣) خوێنـدنگای سنووری ناوچەکە، کە (٥) یان ئامادەیی و (١٨) یـشیان خوێنـدنگای بنـەڕەتی بـوونو بـە ئامـادەبوونی ژمارەیـەکی زۆر لـە خوێنـدکارانی خوێندنگاکان کرایەوەو چەندین ئیشی هونەریی لە تابلۆو ئیشی دەستی تێدا نمایش کرا.

مامۆسـتا مـەحمود حەمـە سـەعید لێپرسـراوی لیژنەکان لە کەرتی بازیـانی یـەکێتی مامۆسـتایانی کوردسـتان سـەبارەت بـەئامانج لـە فێـستیڤاڵەکە بـە(ئاسـۆی کتێبخانـەی) راگەیانـد: مەبەسـت لـەمجۆرە فێـستیڤاڵانە بەپلـەی یەکـەم گەشـەدانە بەخواسـتو ئـارەزووی هونـەریی خوێنـدکارانو دەرکەوتنی بەهرەی هونەرییان.

کتێبخانەی گشتیی بازیـان، لـە پـاڵ ئەرکـەکانی خۆیـدا، ئـەم جـۆرە هاوکارییانـەش دەکـات لـە پێنـاوی بوژاندنـەوەی هونـەریو روناکبیریی ناوچەکەدا.

## قوتابخانەکان روو لە کتێبخانەی گشتیی عەربەت دەکەن



**ئاسۆی کتێبخانە**

وەك بەرنامەیەکی ساڵانە، کتێبخانـەی گشتیی عەربـەت، بەمەبەسـتی هانـدانی قوتابیـانی شارۆچـکەکە بـۆ خوێندنـەوەو هامـشۆکردنی کتێبخانـە پلانێکـی نوێیـان گرتۆتەبـەر، ئـەویش سەردانی مەیدانیی قوتابخانەکانی عەربەتە.

بـۆ ئـەو مەبەسـتە لێپرسـراوی کتێبخانەکـەو بەشـێك لـە کارمەنـدان سـەردانی ژمارەیـەك لـە خوێنـدنگاکانیان کـردو وێـڕای باسکردنی بایـەخی سوودوەرگرتن لە کتێبخانە، تیشکیان خستە سـەر سیـستمی خواسـتنی کتێـب، تـا لـە نـاوەوەو دەرەوەی کتێبخانەکـەدا قوتابیـان سـوود لـە سەرچاوەکان وەربگرن.

لە ئامارێکی کتێبخانەدا، ئاماژە بەوە کراوە کە لە دوو مـانگی رابـردوودا کـۆی ١٧١٨ کـچو کـوڕی قوتابی سەردانی کتێبخانەکەیان کردوە.

## ژنانی رووسیا بۆ پەیداکردنی پیاوان بەکتێبخانەکاندا دەگەڕێن



**الشرق الأوسط**

بەپێی ئەنجامە بەراییەکانی دوا ئامار لە رووسیا، کارەسـاتی کەمبوونـەوەی پیـاوان لـە رەگـەزی رووسەکان لەو وڵاتـەدا دەردەکـەوێت، لـەو وڵاتـەدا کە بەڕێژەیەکی زۆر نەتەوەی جیاواز تیایدا دەژین.

بـەپێی ئامارەکـە لـە ٢٠١٠دا ژمـارەی پیـاوان لـە رەگـەزی رووس نزیکـەی ١٤٣ ملیـۆن بـووە، لەکاتێکدا ئەو ژمارەیە لەساڵی ٢٠٠٢دا گەیشتبووە زیاتر لە ١٤٥ ملیۆن.

چـاودێران لـە مۆسـکۆ ئـەوە رادەگـەیێنن کـە بڵاوبوونـەوەی ژنـان لـە کتێبخانـە گـشتییەکاندا بەمەبەسـتی پەیـداکردنی(رێبـەری پەیـداکردنی پیاوان) بەرێژەی بەرچاو روو لە زیادبوونە.

ئەویش بۆ دۆزینەوەی کەسی گونجاو بۆ ژیـانو هاوسەرگیرییان بەسوودوەرگرتن لـەو رێبەرانـە کـە نـاو و ناونیـشانو وێنـەی کـوڕە رووسـەکانی تێـدا بڵاوبۆتەوە..

## رۆژی جیهانیی کتێبو کتێبی کوردی

**پێشنیازێک**

رێکخـراوی یونـسکۆ، سـاڵی ١٩٩٥ بڕیاریـدا هـەموو سـاڵێك رۆژی ٤/٢٣ بکرێتـە (رۆژی جیهـانیی کتێـب)، هاوکات ببێتە بۆنەیـەك بـۆ پاراسـتنی مافی نووسەران، ئەویش وەك مـافێکی رەوای خۆیانو بەرهەمەکانیان تاوەکو زیـاتر خوێندنـەوە لـەناو کۆمـەڵگاکانی سەر رووی زەمیندا بـەرفراوانتر ببێـتو کتێبیش رێزو شکۆداریی خۆی هەبێت.

هەرچـەندە لـەرابردوودا وەزارەتـی رۆشنبیریی چەند ساڵێك ئـەو بۆنەیـەی بـەرز نرخانـدوەو تیایـدا سـیمیناری پێویـست پێـشکەش بەژمارەیـەك لـە نووسەرو ئەدیبان کراوە.

بەڵام گەر پێشوازیی لەم بۆنەیە لای ئێمە بەراورد بکەین بەوڵاتانی دی، کە خوێندنـەوەو کتێـب سـەنگی خۆیـان هەیە، دەبینین شتێکی ئەوتۆ نەکراوەو ئـەم رۆژە مـافی پێویـستی خـۆی نەدراوەتێ.

ئێستا، کە بەبڕوای ئێمە سـەردەمی زێڕینی کتێبی کوردییـە، بەنووسـراو و وەرگێـڕاوەوە، هـەق وایـە حکومـەتی هـەرێمو دەزگاکـانی چـاپو بڵاوکردنەوەو رێکخـراوی وەك یـەکێتی نووسـەرانی کـورد بایـەخی زیـاتر بـەم رۆژە بدەنو کار بۆ ئـەوە بکرێـت وەك گـەلێك بۆنـەی دی، ئـەم رۆژە لـە کۆمەڵگای کوردەواریدا ببێتـە رۆژێکـی درەوشاوەو بۆنەکـە کاریگـەریی خـۆی جێبهێڵێت.

**سەرنووسەر**

## کتێبخانەی گشتیی بۆ مێرگەسوورو ئاشتی

سەرچاوەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان پێی راگەیاندین، لـە ئاییندەیـەکی نزیکدا بەبۆنـەی رۆژی جیهـانیی کتێـب (٤/٢٣)، بەڕێوەبەرایەتییەکـەمان لـە پـلانو بەرنامەیدایـە دوو کتێبخانـەی گشتیی لە هەردوو ناحیەی (مێرگەسوور)و (ئاشتی) بکاتەوە، کە لەئێستادا بڕێك کەلوپەلو کتێبو گۆڤار بۆ ئـەم دوو کتێبخانەیـە دابینکـراوە، هـەروەها بەهـەمان شـێوە بەڕێوەبەراتییەکـەمان بـەنیازە لـەدوای پەسەندکردنی بودجەی ساڵانە، چەندین کتێبخانەی گشتیی تر لەناوچەو شارۆچکە جیاجیاکانی تری هەرێمی کوردستان بکاتەوە. جێی ئاماژەیە کتێبخانەی گشتیی (مێرگە سـوورو) سـەر بـە بەڕێوەبەرایـەتی کتێبخانـە گشتیەکانی هەولێرەوەو کتێبخانەی گشتی (ئاشتی) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیەیە.

## نووسەری رۆمانی(رۆژانی ئەسکەندەرییە) لە کتێبخانەی ئەسکەندەرییە

بەشـی فرانکفـۆنی لـە کتێبخانـەی ئەسـکەندەرییە، رۆژی ٢٠١١/٣/٣٠ بـەهاوکاریی دەزگـای بڵاوکردنەوەی أم الدنیا، کۆڕێکی ئەدەبیی بۆ نووسـەری رۆمـانی(رۆژانـی ئەسـکەندەرییە)، نووسـەری یۆنانیی فرانکفۆنی(دیمتریس ستیفانکس) سـازکردو تیایـدا نووسـەر باسێکی سـەبارەت رۆمانەکـەی بەزمانی فەڕەنسی پێشکەش کرد.

(لە لاپەڕە/٣دا راپۆرتێك دەربارەی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە دەخوێنیتەوە).






رۆڵی پسپۆڕی کتێبخانە 11


کتێبخانەی فانکۆڤەر 6-7


زانستی زانیارییەکان 4

# چۆن بوو هەموو كتێبەكانم نەسووتاند؟



**ئەحمەد قادر سەعید**

لەبەر گەلێك هۆكاری ئەو سەردەمەو نائارامییەكی زۆری ناوچەی پشدەر، كە لەئەنجامی ڕێكنەكەوتنی دانوستاندنی نێوان شۆڕش و حكومەت لەدوای ساڵەكانی ١٩٨٣ هاتە ئاراوە، ئەوكاتە ڕژێم لەدەرفەتێك دەگەڕاو، بواری جەنگە نەگریسەكەی لەگەڵ ئێراندا ڕێگەی بدات و هەلێكی بۆ هەڵكەوێ تا دەڤەری پشدەر بەشاری قەڵادزێ و هەموو ئۆردوگا زۆرەملێكانی دەوروبەریشیەوە ڕاگوێزێ و ناوچەكە بكات بەچۆڵەوانی و دانیشتووانەكەشی ملكەچ بكات. دیارە ڕژێم لەو كارەیدا دەیویست گەلێك ئامانج بپێكێ، لەوانە كپكردنەوەی گیانی شۆڕشگێرییەتی خەڵكانی ناوچەكەو جەنجاڵكردنیان بەكاری لابەلای ئەوتۆ شتە بنچینەییەكانیان و خواستە مەزنەكانیان لەبیربچێتەوە، لەلایەك و لەلایەكی تریش ڕژێم دەیویست پەیوەندی خەڵكانی ناوچە سنوورییەكان لەگەڵ خەڵكانی ناو شارەكان دابڕێ. بەتایبەتی دوای ئەو زنجیرە خۆپیشاندانەی لە قەڵادزێ و دەوروبەری روویاندا. بۆیە هەر كە ئاگری ئەو شەڕە نەگریسە لەبەرژەوەندی ڕژێمی بەعس خامۆشكراو جەنگ لەنێوان عێراق و ئێران كۆتایی هات، یەكەم پلان كە بەدەرفەتی زانی ڕاگواستنی ناوچەی پشدەر بوو بۆ ئۆردوگاكانی دەوروبەری سلێمانی و هەولێر.

بەندە بەر لەو ڕاگوێزانە لەسەر داوای هەندێك لە برادەران لەوانە شەهید مامۆستا محەمەد ئیسماعیل سوڵتان، كە ئەو كاتە بەرپرسی شانە نهێنییەكانی ناوخۆبوو لەدەرەوە كاری دەكرد، بڕیارمدا خۆم بگوازمەوە بۆ سلێمانی، سەرەتا هاتمە گوندی كەندەكەوەو لەدوایشدا گوازرامەوە بۆ قوتابخانەی كانی لەناو شاری سلێمانی. ساڵی ١٩٨٦ كە من هاتمە سلێمانی لەناو كتێبخانەكەمدا كتێبی هەمەچەشنە هەبوو، كە تا ڕۆژی قەدەغەكردنی هاتوچۆ لەناو گوێنی و كارتۆندا دامنابوون بەونیازەی ئەگەر بەتەواوی نیشتەجێ بووم لەناو كتێبخانەدا دایانبنێم ڕێكیانبخەمەوەو خۆشم بگەڕێمەوە ناو دنیای خوێندنەوەو نووسینەوە، كە هەتا ئەوكاتە لە بڕیاری قەدەغەبوونی هاتوچۆ بێ ئاگابووم و تەتەڵەی كتێبەكانی ناو كتێبخانەكەم نەكردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەمزانی ژمارەیەكی زۆر كتێب و بڵاوكراوەی دەرەوەو لە ڕژێم قاچاغیان تێدایەو هەركامەشیان دەست ڕژێم بكەوێت قەستی سەرەو چارەنووسم لەناوبردن و كوشتنە، ئەی باشە بەم دەمودەستە لەو ماوە كورتەی من پێمزانی هەشت نۆ فەردە كتێب چۆن هەڵدەڕێژرێ و یاساغ و نایاساغ لەیەكتری چۆن جیادەكرێنەوە، سەرم لێشێوا، نەمدەزانی چی بكەم، بڕیارمدا ئەم هەڵاودێرنە بكەم، بەڵام هەرچۆن لێكمدەدایەوە لەو شەوەدا كە بۆ بەیانی قەدەغەبوونی هاتوچۆ بوو ئەم كارەم بۆنەدەكرا، هەرچۆن بوو دەمی یەك دوو فەردەم كردەوەو، هەر كتێبێك دەهاتە بەرچاوم قەدەغەبوو، هەر چۆن بۆم لوا هەندێك بڵاوكراوەم كۆكردەوەو هێنامنە بەردەم تەوونی حەمامەكە.. لەوكاتەدا دووچاری دڵەڕاوكێ بووم، بیرم دەكردەوە چۆن ئاگریان تێبەردەم، دڵم نەیدەهێنا ئەوكارە بكەم، هەتا یەكێك لەمنداڵەكان كەمێك نەوتی كرد بەسەریانداو ئاگری دان. ئاخر چی بكەین، ئەوە ڕژێمەو لەسەر بچووكترین بەڵگە ئامادەبوو هەر لەوجێیە گوللەبارانت بكات، سەد نەفرەت لەو ڕژێمەی ناچارت دەكات بەدەستی خۆت ئاگر لەهەناوی كتێبەكانت بەردەی و بیانكەیت بەخۆراكی ئاگر. بۆ دەبێ زادەی بیری نووسەرو ڕەخنەگر لێكۆڵیاران بەدەم شاڵاوی ئاگر دامركێت و ببێت بەخۆڵەمێش و لەناو ببرێت. بەهەرحاڵ كە ئەو شەوە بەیانی لێدەركەوت، ڕژێم لەڕێگای بڵندگۆكانەوە ئاگاداری دانیشتووانی شاری كردەوە، كە كەس لەماڵی خۆی نەیەتە دەرەوەو جووڵە نەكات، بەردەوام فڕۆكەو هەلیكۆپتەرەكان بەئاسمانی شاردا لەهاتوچۆكردندا بوون. هەر لەسەبەینێكی زووەوە، پیاوانی ڕژێم لە ئەمن و ئیستخبارات و سەربازو جەیش



شەعبی دەستە دەستە ڕژانە ناو كوچەو كۆڵانەكان و بەسەر شەقامەكاندا بڵاوبوونەوە، پشكنینی ماڵ بەماڵ و خانوو بەخانوو دەستی پێكرد. ڕەشبگیری و ئەشكەنجەدان و كوشتن و ڕەمیكردن باڵی ڕەشی بەسەر شاردا كێشا. منیش كە لەو كاتەدا تازە هاتبوونە ناو شارو تا سنوورێك نەناس و بەشی زۆریش لە كتێبەكانم بە ڕژێمی نەدەخواست، چونكە لەو سەردەمەدا قەڵادزێ و دەوروبەری بەلانكەی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش دەهاتە هەژمارو بڵاوكراوەكانی شۆڕش زۆر زوو دەگەیشتنە ناو شارو بڵاودەكرانەوە، كتێبەكانی منیش زۆرێك لەو بڵاوكراوانەی تێدابوو. ئەوە وایكرد بەتەواوی دووچاری دڵەڕاوكێ ببم و هەستی مردن باڵ بەسەر بیرمدا بكێشێ و هەر ئەو بیرو لێكدانەوانە وایكرد خۆم باوێمە ناو كۆشی قەدەرەوە، هەر زوو ئەم بیرۆكەیە باڵی بەسەر لێكدانەوەكانی ترمدا كێشاو لە دەروونی خۆمدا بڕیارمدا لە مردن گەورەتربم،



مردن چركە ساتێكە دێ و تێدەپەڕێ، بۆیە ئەوەم هێنایە بەرچاوی خۆم كە پاش كەمێكی تر دەكوژرێم یان دەمرم، ئەمە بەتەواوی لە بیروهۆشمدا چەسپی كە دەمرم.. بابمرم. چونكە دڵم بەوە خۆشبوو ئەگەر لەو ڕووداوەشدا بمرم، یان فیشەك باران بكرێم، ئەوە دەبم بە شەهیدێك لە شەهیدەكانی قەڵەم، بۆیە ئامۆژگاری منداڵەكان و دایكیانم كرد، كە ئەو كاتە منداڵەكانم وردوبچووك بوون، پێم گوتن كەمنیان گرت نەشڵەژێن، هاوارو دادو بڕۆ نەكەن چونكە هاوار دادی كەسی نەداوە، لەناو ئەم بیرو ئاڵۆزی دەروونەدا بووین من مردنم لەسەر شانۆی ژیانمدا وەك پەیكەرێكی سپی بەدی كرد لە بەرامبەر دیدەكانمدا سەمایەكی سەرشێتانەی نمایش دەكرد. كاتەكانی بەیانی لەدوورونزیك دەبۆوە، لەناكاو كۆمەڵێك چەكدار بە بەرگی جەیشی شەعبییەوە خۆیان بەماڵەكەماندا كرد، لەپێشیانەوە پیاوێك كە كەمێك لە تەمەندا بوو بە دەمانچەی لەسەر پێوە دەهات، دەمانچە ڕووت، چەكی لەسەرپێ، نمایشی مردنیان كردە هەورێكی ڕەش و بارانی مەرگیان دابارانده سەر ڕۆحم. كە پیاوەی دەمانچە بەدەست لێم نزیك بۆوە سڵاوی لێكردم منیش وەڵامم دایەوەو بەعەرەبی وتم (من مامۆستام، بەم زووانە گوازراومەتەوە بۆ ئەو شارە) بەم چەند وتانە پیاوەكە هەڵوەستەیەكی كردو قسەی نەكرد، دوای كەمێك تێڕامان بە چەكدارەكانی بەردەستی گوت"أخونا معلم ابتعدوا عنه" ، من بەو قسەیە ئاهێكم بە بەردا هاتەوە، فێنكاییەك جەستەو گیانمی لە ئامێز گرت.."إبتعدوا عنه.." بۆمن بووە گەڕانەوەی ژیان.. خۆ كە نەیهێشت پیاوەكانی تر پەلاماری ژوورەكانمان بدەن بەتەواوی ئومێدم بە بەرداهاتەوە..

من ئەو كاتە هەر ئەوەندەم بۆ كرا بە كوردی گوتم "با كەمێك ئاوتان بۆ بهێنم، ئەویش بە لەسەر خۆیی و هێواشی بە كوردی گوتی"سوپاست دەكەین.." ، ئەوان گەڕانەوە دواوەو منیش تا نزیك دەرگا لەگەڵیان چووم، ئەم پیاوە كەمێك خۆی دواخست تا ئەوانەی لەگەڵی بوون چوونە دەرەوە، ئینجا بەهێواشی گوتی:"ترست نەبێ منیش مامۆستام.."

ئەوان ڕۆیشتن و منیش گەڕامەوە دواوە، چوومە نزیك كتێبەكان باوەشم بەگوێنیەكاندا كردو بە زمانی حاڵ پێم گوتن"قەدەر ئەمجارەش منیش و ئێوەشیان رزگار كرد، هیچ لامان بێ خاوەن نەماینەوە، خۆ ئەگەر ئەو پیاوە مامۆستا نەبوایەو ڕێزی بۆ پیشەكەی نەبوایەو ڕێگای دابا ماڵەكەم بپشكنن، ئەوە دڵنیابن هەردوولامان لە ژووانی یەكتری دادەبڕاین و چاومان بە دیداری یەكتری نەدەكەوتەوە"

ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارە هەر چاوە چاوی ئەوە بووین كەسانی تر، یان كۆمەڵێكی دی خۆیان بە ماڵەكەماندا بكەن و مۆتەكەی مردنمان بۆ بهێننەوە پێش بەڵام سوپاس بۆ خوا كەسی تر نەهات و منیش لە ئێوارەدا هەر ئەوەندەم پێكرا لە بەردەم توونی گەرماوەكەدا دانیشتم و بەرامبەر گڵكۆی هەندێك لە بڵاوكراوەو كتێبە سووتاوەكانم دابمێنم و فرمێسكی حەسرەت بۆ ئەو كاتانە برێژم كە بوونە هۆكاری سووتانی ناخی وشەكان و نەفرەت بكەمە دوانیگای ئەو ڕژێمانەی وشە سەردەبڕن و قەڵەم ئاوارە دەكەن و بیر لە قەفەزدا بەند دەكەن و دەخوازن مرۆڤ بكەن بە كویلەو هەڵمەتی دەستی خۆیان.

## كتێبەكانی كتێبخانەكەم

**د. فەرهاد پیربال**

# نیگای شكاو



داریووش شایگان

لەشاری تولووز، ساڵی ١٩٩١، دەعوەتی ماڵێكی فەرەنسی بووم، ژنێك و دوو كچەكەی بوون، ژنە.. مامۆستای فەلسەفە بوو لە زانكۆی تووڵووز، كچەكانیشی: یەكێكیان لە(بانق)و ئەوی تر لە(مێژووی هونەر) دەیخوێند.

دوای نانخواردن، ژنە دەستی لە كووپی چایەكەی بەردا؛ هەستا چوو كتێبێكی هێناو پیشانی دام: "ئەمەیە ئەو كتێبەی لەسەر نانخواردن بۆتم باس دەكرد".

من كەوتمە وردبوونەوەی كتێبەكە؛ داریووش شایگان(Le Regard Mutulie نیگای شكاو). ئنجا بەرگی پشتەوەی كتێبەكەم سەیر كرد؛ وێنەی داریووش شایگانی بەسەرەوە بوو. ژنەكە گوتی:

– تەماشای وێنەی نووسەرەكەت كردووە؟ عەینەن پێغەمبەرێكە! تۆ چۆن ئەم نووسەرەی خۆتان ناناسیت؟!

مەبەستی لە وشەی(..خۆتان) ئەوە بوو كە منیش و نووسەرەكەش خاوەن هەمان مەڵبەندو كولتووری ڕۆژهەڵاتی بووین.

من ناوی داریووش شایگانم بیستبوو كە وەرگێڕی شیعرەكانی سوهراپی سپەهەرییە بۆ سەر فەرەنسی، بەڵام نەمدەزانی ڕۆشنفیكرێكی ئاوها مەزنیشە. ژنە قەڵەمێكی دەرهێناو شتێكی لەسەر لاپەڕەی یەكەمی كتێبەكە نووسی:

– من خوێندوومەتەوە..پێشكەش بەتۆی دەكەم. بیناسە!

داریووش شایگان لەو كتێبەیدا باسی فەرمانڕەوایەتیی هێزی ڕۆژئاواو بیری ئەوروپایی دەكات بەسەر ڕۆژهەڵاتەوە؛ كە چۆن هەر لەكۆنەوە، وڵاتانی ئەوروپا، بەهۆی كۆلۆنیالیزم و داگیركردنی ڕۆژهەڵاتەوە، یان بەهۆی ئەو پێشكەوتنە تەكنەلۆژی و سەربازی و ئابوورییەی خۆیانەوە، هەمیشە خۆیان بەرزتر ڕاگرتووە لەچاو ڕۆژهەڵاتییەكان.. هەروەها چۆن ئۆتۆماتیكیانە ئینسانی ئەوروپایی خۆیشی، خۆی بە پێشكەوتووترو مەزنتر دەزانێت لەچاو ئینسانی"نزم"و "دوواكەوتووی" ڕۆژهەڵاتی!

ئەمە وایكردووە مرۆڤی ڕۆژهەڵات، خۆی لەچاو مرۆڤی ئەوروپا بە كەمتر ببینێت.

لێرەوە، مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی(نیگایەكی شكاو)ی هەیە لەهەمبەر مرۆڤی ئەوروپایی.

– ئینسانی ڕۆژئاوایی گرێی(خۆ بە گەورە زانیی) هەیە، مرۆڤی ڕۆژهەڵاتیش گرێی (خۆ بەكەم زانی).

لە وتارێكی جورج تەرابیش لەبارەی (موسم الهجرة الى الشمال)ی الطیب صالح یان لەبارەی (عصفور من الشرق)ی توفیق الحكیم دەڵێ:

ڕۆژئاوا وەك ژنێك وێناكراوە، ڕۆژهەڵاتیش وەكو پیاوێك..ئەو پیاوە ڕۆژهەڵاتییەی دەیەوێ تۆڵەی خۆی بە سێكس لە ئەورووپای ژن بكاتەوە.

بەڵام بە بۆچوونی من:

واقیع بەتەواوەتی پێچەوانەی بۆچوونەكەی جۆرج تەرابیشییە: ڕۆژئاوا ڕۆڵی پیاو، ڕۆژهەڵاتیش ڕۆڵی ژن دەبینێ! چونكە تا ئەمڕۆش، ڕۆژئاوا باڵادەست، ڕۆژهەڵاتیش لەژێرەوەو بێهێز.

كاتێ ئەم كتێبەی داریووش شایگانم خوێندەوە، جارێ هێشتا(ڕۆژهەڵاتناسی)یەكەی ئێدوارد سەعیدم نەخوێندبۆوە، یان وابزانم جارێ بڵاو نەكرابۆوە.

(نیگای شكاو)ی شایگان لە جەنگێكی ساردی گەورە ئاگاداری كردمەوە:

جەنگی نێوان كولتووری ئەورووپاو ڕۆژهەڵات، كە مرۆڤی ئەوروپای بەرزو ئازاد ڕاگرتووە؛ وایشی كردووە مرۆڤی ڕۆژهەڵات هەمیشە بچووك و بێ متمانەو دواكەوتوو بمێنێتەوە.

ئەم کتێبە

• پ.د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ

## فەرهەنگی میدیا

جاری پێشوو باسی (خەو)م کردو هاتمە سەر باسی (ئیبن سیرین) ، دەمویست ئەمجارە باسی ڕەچەڵەکو ژیانی (ئیبن سیرین) بکەم کە خۆم بۆچوونو رام هەیە، ئەگەر لێم قبووڵ بکرێ، بەڵام ئەو سەرچاوانە نەگەڕام کە لەبەردەستمدا بوو، هیچی تێدا نەبوو، دەی بۆ ئەمەیان (کنگرو ماست) بۆ وادەی خۆی، بۆ ئەمەیان دەڵێم (کنگرو ماستەکە) وادەیەتی. کتێبێترم لە بەرنامەدا بوو باسیان بکەم.

بەڵام کتێبێك پێش ئەوەی سەیری بکەم ناوی خاوەنەکەی رایکێشام، لە دەروونەدا گلەییم لەخۆم کرد کە تا ئێستا لەسەر خۆیو تراژیدیای مەرگی خۆیو هاوسەرەکەیم نەنووسیوە.

(فەرهەنگی میدیا) کە دانانی هاوڕێی نەمرم (پ.د. ئەورەحمانی حاجی مارف)ە تازە ئەکادیمیای کوردی چاپی کردوە. فەرهەنگە بەڵام وەك چاوەڕێی دەکرێ گەورە نییە. ئەوەی چاپکراوە(٢٩٠) لاپەڕەی ناونجی یە.

بەڵام وا دەردەکەوێ ئەمە هەر بەرگی یەکەمەو یەك تیپی تێدایە، ئەوەش دیار نییە کە بەرگیتری هەیە، یان ویستوویەتی دواتر تەواوی بکاو بەردەوام بێ لەسەری، پێشەکییەکی بەسۆزی ئەدیبانەی بۆ نووسیوەو چیرۆکی خۆیو چوونە سەر فەرهەنگ دانانو نیازی دانانی فەرهەنگێکی کوردی - رووسی دەردەخا، کە ئەنجامی ئەو نیازەو کۆششی بەدیهێنانی بووە بەم فەرهەنگە کوردی - کوردییەی ئەم بەشەی چاپکراوەو لە ناوی (میدیا)دا ناوی (میدیا)ی باپیری کوردو میدیای کچی خۆیی کۆکردۆتەوە. بەڵام چ (پێشەکی)یەکە خۆیو چ ناوەرۆکی فەرهەنگەکە دەرسێکی زانستیی گەورەیە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ فەرهەنگ دانێن. چونکە ئەوەش زانستێکە رێوشوێنی خۆی هەیە لە کارکردنو بەجێهێناندا، کە رەنگە لە زۆر لە فەرهەنگە کوردییەکاندا رەچاو نەکرا بێ، چونکە زۆربەیان هەوڵی تاقەکەسینو ئەوانە وەك د. ئەورەحمان بە خوێندن، زانستی فەرهەنگ دانان نازانن، کە دیارە هەوڵیان بۆ کۆکردنەوەی وشە بەنرخو بەرزە.

من لێرەدا داوا لە هەموو خوێندەواران دەکەم ئەم فەرهەنگە بخوێننەوەو لەگەڵ مندا ئەو دەرسەی دکتۆر ئەورەحمان فێربنو هەر لەگەڵ مندا ئەگەر دوو فرمێسك نەرێژن، هەر هەناسەیەك بۆ شەهیدبوونی ئەو زانا گەورەیە هەڵکێشنو بزانن چ پیاوێکی بەنرخمان لەکیس چوو و چ بەرهەمێکی گەورەمان لەکیس چوو. تۆ بڵێی کەس ئەم کارەی ئەو تەواو بکات؟

لە کتێبخانە بەناوبانگەکانی جیهان

# کتێبخانەی ئەسکەندەرییە

ئا. تابان حەسەن هادی



کتێبخانەی ئەسکەندەرییە، کە لەمێژوودا بە مەزنترین کتێبخانەی سەردەمی خۆی ناوبراوە، بە فەرمانی (بەتلیمۆسی دووەم) لە ساڵی ٣٣٠ (پ. ز) بەر لە دوو هەزار ساڵ دروستکراوەو زۆرترین سەرچاوەی جیهانی کۆنی لە خۆگرتووە کە ژمارەیان گەیشتووەتە ٧٠٠ هەزار بەرگ، کە کارەکانی هۆمیرۆسو کتێبخانەکە ئەرستۆیان لەناودابووە.

لە کۆندا، هەر زانایەك کاری لە کتێبخانەکەدا کردبێتو سوودی لێ وەرگرتبێت، پێویست بووە دانەیەك لە دانراوەکانی پێشکەش بە کتێبخانەکە بکات.

چەند جارێك لە کۆندا ئەم کتێبخانەیە بەر شاڵاوەکانی پەلامارو سووتان بووەتەوە، کە دواجاریان لەسەردەمی ئیمپراتۆری رۆمانی (یۆلیۆس سیزەر) دا بووە ساڵی ٤٨(پ ز).

### بوژاندنەوەی کتێبخانەکە

لە پرۆژەیەکی نۆژەنکردنەوەو فراوانکردنی تەواودا، وڵاتی میسر بە بەشداریی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا، سەرلەنوێ بوژاندنەوەو دروستکردنەوەی ئەنجامدراوە، ئەوەبوو کتێبخانەیەکی نوێش لە جێگایەکی نزیك کتێبخانە کۆنەکەدا لەشاری ئەسکەندەرییە دروستکراو ئەو کتێبخانە نوێیە لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢ دا کرایەوە.

### سەرچاوەکانی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە

لەم کتێبخانەیەدا، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هەڵبژاردەی کتێبەکان بە زمانەکانی عەرەبیو ئینگلیزیو فەرەنسی هەن، هەروەها کۆمەڵێك هەڵبژاردە لە کتێب بە زمانە ئەوروپییەکانی وەکو ئەڵمانیو ئیسپانیو زمانەکانی تر. هەر چۆن لە هەموو شوێنێکی جیهانەوەو لە هەموو بابەتەکاندا کتێب دەگاتە کتێبخانەکە.

### سەرچاوە ئەرشیفییەکانی ئینتەرنێت

بەشی ئینتەرنێت، لەساڵی ١٩٩٦ بەدواوە سەرچاوەکانی ئینتەرنێت لە کتێبخانەکەدا دەپارێزێت.

ئێستا لەم بەشەدا ئەم سەرچاوانە چنگ دەکەون:

* زیاد لە ١٠ بلیۆن لاپەڕەی تێکستەکان، کە ژمارەیان لە سەرچاوە پارێزراوەکانی کتێبخانەی کۆنگرێس زیاترە.

* ١٠٠٠ فیلمی ئەرشیف کراو.

* ٢٠٠٠ سەعات لە پەخشی تەلەفزێونی میسریو ئەمریکی.

* ١٠٠ تیرابایت لە زانیاریی داخڵکراو لەسەر ٢٠٠ ئامێری کۆمپیوتەر.



### دووەمین کتێبخانەی فرانکفۆنی لە جیهاندا

فەڕەنسا، گەورەترین دیاریی لە مێژووی کتێبخانەکانی جیهاندا پێشکەش بەم کتێبخانەیە کردوە کە گەیشتووەتە نیوملیۆن کتێب بە زمانی فەڕەنسیو لە بابەتەکانی(زانستەکان، ئەدەبیات، مێژوو، جوگرافیاو ئەنترۆبۆلۆجیا)دا.

بەوەش کتێبخانەکە بووەتە دووەمین کتێبخانەی فرانکفۆنی لە جیهاندا دوای کتێبخانەی نیویۆرك، هەرچۆن بووەتە کتێبخانەی سەرەکیی بۆ کتێبی فەڕەنسی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو کیشوەری ئەفریقیدا.

### کتێبخانە تایبەتمەندەکانی

وێڕای بەشی کتێبو سەرچاوەکان، ئەم بەشانە لەکتێبخانەکەدا هەن:

*کتێبخانەی سەرچاوە بیستراوو بینراوەکان

*کتێبخانەی نابینایان (کتێبخانەی تەها حسێن)

*کتێبخانەی منداڵان

*کتێبخانەی تازە پێگەیشتووان

*کتێبخانەی سەرچاوە مایکرۆفیلمییەکان

*کتێبخانەی کتێبە دەگمەنەکانو کۆمەڵە تایبەتەکان

### ٩ پێشانگای هەمیشەیی

لەم کتێبخانەیەدا نۆ پێشانگای هەمیشەیی هەن:

- ئەسکەندەرییە لە سەردەمە جیاوازەکاندا.
- جیهانی شادی عبدالسلام.
- شاکارەکانی خۆشنووسیی عەرەبیی.
- مێژووی چاپ.
- کتێبی هونەرمەندان.
- ئامێرە گەردوونییەکانو زانستییەکان لای عەرەب لە سەدەکانی ناوەندا.
- محی الدین حسین، ئەفراندن.
- کارەکانی عبدالسلام عید.
- کۆمەڵەی عبدالغنی ابو العینین.

**سەرچاوە: ویکیپیدیا**

لەبارەی کتێبەوە..

# ڕەفیق ساڵح: زۆر شتمان لەپێناوی کتێبدا بەخشیوە

**ئا: کارزان محەمەد**

لەمێژە وتراوە (کتێب) هاوڕێی نوسەران و رۆشنبیرانە، بەڵام کەمتر لەبارەی خودی کتێبەوە دواوین، هەربۆیەش لێرەدا بۆچوونی نوسەران و رووناکبیرە پڕبەرهەمەکانی کورد دەربارەی کتێب دەخەینەڕوو.

*** چۆن و کەی فێری خوێندنەوە بوویت؟**

– خۆشەویستی کتێب لای من بۆ دوو هۆکار دەگەڕایەوە، باوکی خوالێخۆشبووم کتێبخانەیەکی باشی هەبوو، زۆرجار دەمدی کاتەکانی ماڵەوەی بە کتێب خوێندنەوە بەسەردەبرد. هۆکاری دووەم بۆ ئەو پرسیارە دەگەڕایەوە کە لە قۆناغی منداڵیمدا مێشکمی دەخرۆشاند ئەویش کورد کێیە؟، بۆچی من کوردم بەڵام لە کتێبی مێژووی قۆناغی خوێندندا ناوی هەموو نەتەوەکانی تێدایە تەنها نەتەوەکەی من نەبێت؟. گەڕان بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانەدا بەرەو دونیای خوێندنەوەی بردم، هەر لە قۆناغی منداڵییەوە دەستم پێکرد.

*** یەکەم کتێب چی بوو کە خوێندتەوە؟**

– زۆر منداڵ بوومو تازە چووبوومە قۆناغی دووی سەرەتایی، لەگەڵ دایکمدا سەردانی شاری هەولێرمان کرد، دایکم درهەمێکی دامیو منیش یەکسەر لێموەرگرت و بەغاردان خۆم بە چاپخانەکەی خوالێخۆشبوو (گیوی موکریانی)دا کرد کە شوێنەکەی لە نزیك قەڵا بوو. پارەکەم دایە مامە گیوی رەحمەتی، ئەویش نامیلکەی (فڕی..فڕی..قەل فڕی) دامیو زۆر چێژم لە خوێندنەوەی وەرگرت، ئەوە یەکەمین کتێبە کە خوێندبمەوە!.

***کام کتێب لە یادەوەریتدا ماوە؟ بۆچی؟**

– کتێبەکانی عەلی وەردی بەتایبەتی (لمحات اجتماعیه من تاریخ العراق) کە لە (٦) بەرگ پێکهاتووەو کتێبی (وعاظ السلاطین) زۆر لە یادەوەریمدا ماوەو کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەم هەبووە، تەنانەت ڕێگایەکی باش بوو تا زانستیانەتر لە کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵات بگەم. بەپێویستی دەزانم هەمو مرۆڤێك بەتایبەت لە هەرێمی کوردستانو عیراقدا بژی، ئەو دوو کتێبە بخوێننەوە تا لە پێکهاتەی کەسێتی مرۆڤ و شێوازی بیرکردنەوەی کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتو تەنانەت خودی مامەڵەی سەرکردەکان لەگەڵ میللەتاندا تێبگەن.

*** کتێب چی پێبەخشیت؟ ئەی چی لێ سەندیتەوە؟**

– زۆر شتی پێبەخشیم، لە ژیانی مامۆستایەتیمدا زۆر سودم لەو زانیاریانە وەرگرت کە لە کتێبەوە فێری بووم. هەرچەندە ئەو زانیاریانەی لە کتێبی قۆناغەکانی خوێندندا هەیە کەمتر لە زاکیرەی مرۆڤدا دەمێننەوە، چونکە هەست دەکات بەسەریدا سەپێنراوە، بەڵام ئەو کتێبانەی لە کتێبخانەکاندا هەن، خۆت دەستنیشانیان دەکەیو دەبنە هاوڕێت. کتێب ئەوەی لێ سەندمەوە کە بیر لە ژیانی ماددی خۆم بکەمەوە، چونکە لە قۆناغی گەنجێتیدا داهاتەکەمان لەبری خۆشگوزەرانی بۆ کڕینی کتێب تەرخان دەکرد، ئەمەش وایلێکرین کە بمانخاتە جیهانێکەوە بیر لە گەنجایەتیو سەفەرو سەیران نەکەینەوە، ژوانی زۆر شتمان لەپێناو ئامێزی کتێبدا بەخشیوە.

***خۆشترین یادەوەریت لەگەڵ کتێبدا چی بووە؟**

– خۆشترین کاتەکانی ژیانم لەناو کتێبخانەکەی خۆمدا بووە، ئەویش کاتێك کتێبێکی نوێ بڵاودەکرێتەوە کەپەیوەندی بە کوردەوە هەبێت، دەستخستنەکەی لە خۆشترین کاتەکانی ژیانمە.

*** حەز دەکەی دواجار کتێبخانەکەت چی لێ بێت؟**

– لەمێژبوو خەمی کتێبخانەکەم بوو کە دوای خۆم چی لێ بەسەردێت، بەڵام لەدوای دامەزراندنی بنکەی ژینەوە، بڕیارم داوە سەرجەم کتێبەکانم بکەمە بەشێك لە کتێبخانەی بنکەی ژین تا ببێتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ رۆشنبیرانو لێکۆڵیاران، بەتایبەت لەڕووی دابینکردنی ئەو کتێب و بڵاوکراوە دەگمەنانەی کە لە سەدەی رابردوودا بڵاوکراونەتەوەو دووچاری کێشەی لەناوچوونو فەوتان بوونەتەوە، بەڵام لە کتێبخانەکەمدا پارێزراونو بۆ لێکۆڵیاران بایەخی خۆیان هەیە.

(لەمێژبوو خەمی کتێبخانەکەم بوو کە دوای خۆم چی لێ بەسەردێت، بەڵام لەدوای دامەزراندنی بنکەی ژینەوە، بڕیارم داوە سەرجەم کتێبەکانم بکەمە بەشێك لە کتێبخانەی بنکەی ژین)

(کتێب ئەوەی لێ سەندمەوە کە بیر لە ژیانی ماددی خۆم بکەمەوە، چونکە لە قۆناغی گەنجێتیدا داهاتەکەمان لەبری خۆشگوزەرانی بۆ کڕینی کتێب تەرخان دەکرد)



**ڕەفیق ساڵح ئەحمەد:**

لە ساڵی (١٩٥٧) لەسلێمانی لەدایکبووە، کۆلێژی کارگێڕیی زانکۆی (موسڵ)ی تەواو کردووە.

دامەزرێنەری بەشی رۆژنامەنووسی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانییە و ئێستا سەرۆکی بنکەی (ژین)ە، دەیان کتێبتی بەنرخیشی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی مێژوو و کەلەپوری کوردیدا بڵاوکردۆتەوەو خزمەتی رۆژنامەنووسیی بەرچاویشی هەیە.

# خزمەتگوزاریی خولاوەکان ـ خدمات الدوريات

## periodicals Serices

و. ڤیان ئەنوەر

هەرچەندە پێناسەیەکی چونیەكو یەكگرتوو نییە بۆ زاراوەی خولاوەکان بەڵام رێکخراوی یونسکۆ بەم شێوازە پێناسەی خولاوەکان دەکات (خولاوەکان ئەو چاپکراوانە دەگرێتەوە کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا بڵاو دەکرێتەوە "کاتەکە دیاریکراوبێ یانا" بەدوای یەکداو بەژمارەو بەشی سەربەخۆ لەژێر یەك ناونیشانی یەکگرتوودا هەموو ژمارەو بەشێك ژمارەیەکی زنجیرەیی بەدوایەکدا وەردەگرێت کەتیایدا کۆمەڵێ وتارو بابەتی جۆراوجۆر بڵاو دەکرێتەوە کە بەپێنوسی چەند نووسەرێکی جیاواز نووسراون، ئامانجیش لە بڵاوکردنەوەی ئەوەیە ژمارەکانی لە دەرچوون بەردەوام بێت).

یونسکۆ خولاوەکانی کردوە بەدوو بەشی سەرەکییەوە:

أ– رۆژنامەکان/ مەبەست لێیان ئەو رۆژنامانەی رۆژانەو ئەوانەش لەماوەی جیاجیادا دەردەچن.

ب– گۆڤارەکان/ گۆڤاری گشتی رۆشنبیری بێت یا تایبەتمەند لەبوارێکی ئەکادیمی دیاریکراودا.

مێژووی دەرچوونی گۆڤارو رۆژنامەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٦٦٥ کاتێ لە فەرەنسا ئەکادیمیای زانستەکان لە پاریس یەکەم گۆڤاری بەناونیشانی (Journal lde scavans) بڵاوکردەوە.

لەهەمان بەرواردا لە لەندەن کۆمەڵەی پاشایەتی گۆڤارێکیان بەناونیشانی ( Phiso phical Transactions) بڵاوکردەوە.

هەرچەندە خولاوەکان بە بەراورد لەگەڵ کتێبدا تەمەنێکی کورتیان هەیە بەڵام توانیویانە گەشە بکەن‌و ببنە سەرچاوەیەکی گرنگی گەیاندنی زانست‌و زانیاری.

سیفەتە جیاکەرەوەکانی خولاوەکان:

١–بەسەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری نوێ دادەنرێت بەتایبەت لەبواری زانست‌و تەکنەلۆجیادا.

٢–خێرایی لەدەرچوونی بە بەراورد لەگەڵ کتێبداو نوێخوازی لە بابەتەکاندا.

٣–چەندین وتاری جۆراوجۆرو تایبەتمەند دەگرێتەخۆ کە بەپێنووسی چەند نووسەرێکی جیاواز نووسراوە.

٤–دەرچوونیان لەماوەیەکی مێژووی دیاریکراودا بەرێکوپێکی، ئەمەش کارئاسانی دەکات بۆ خوێنەر لەکات‌و ساتی دەرچوونیدا.

٥–وتارەکان کورت‌و پوختن بەپێچەوانەی کتێبەوە، وتارەکانیش لەلایەن دەستەی سەرپەرشتیاری گۆڤارەکان هەڵدەسەنگێنرێت پێش بڵاوکردنەوە.

٦–چەندین وێنەو خشتەو روونکردنەوە دەگرنەخۆ کە هاوکارن لە گەیشتنی بابەتەکاندا بەئاسانی.

٧–رێبەرو کورتکراوەو بیبلیۆگرافیا دەگرنەخۆ.

٨–کۆمەڵێك زانیاری‌و هەواڵ‌و دۆزینەوەی نوێ ئاشکرا دەکات هەروەها پروپاگەندە کردن بۆ کتێبی نوێ‌و ئاگادارکردنەوە لە کات‌و ساتی بەستنی کۆنگرەو کۆنفرانسە زانستییەکان.

٩–لەرووی شێوازەوە جوان‌و سەرنج راکێشەوەو قورسایی لە کتێب کەمترە هەڵگرتنی ئاسانەو هەموو کات دەتوانرێت بخوێنرێتەوە.




### خزمەتگوزارییەکانی بەشی خولاوەکان

لەبەر گرنگی ئەم بەشە زۆر لە کتێبخانەکان مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵدا دەکەن‌و بەشێکی سەربەخۆی بۆ جیادەکەنەوە، قەبارەی ئەم بەشە لە کتێبخانەیەکەوە بۆکتێبخانەیەکی تر جیاوازە لەبەرئەم هۆکارانە:

*جۆری کتێبخانەکەو سروشت‌و ئامانج‌و ئەرکەکانی.

*جۆری ئەو خزمەتگوزارییانەی کە کتێبخانەکە بەشێوەیەکی گشتی پێشکەشی دەکات وەك خزمەتگوزارییەکانی گۆڤارو رۆژنامەکان بەشێوەیەکی تایبەت.

*بودجەی تایبەت‌و ئامادەکراو بۆ خولاوەکان.

*جۆری ئەو کۆمەڵگایەی کە سوود لە کتێبخانەکە دەبینن‌و تایبەتمەندییەکان‌و سروشتی پێداویستیەکانیان بۆ زانیارییەکان.

*قەبارەی کتێبخانەکە.

*ژمارەی ئەو فەرمانبەرانەی ئەرکەکانی کتێبخانە بەڕێوەدەبەن‌و ئاستی ئەو زانیارییانەی پێشکەش دەکرێت.

**بەشی خولاوەکان هەڵدەستێت بەپێشکەشکردنی:**

١–هەڵبژاردنی گۆڤارو رۆژنامەی گونجاو بۆ خوێنەر.

٢–بەشداربوون لەبەدەست هێنانی گۆڤارو رۆژنامەکاندا.

٣–تۆمارکردنیان لە تۆماری تایبەت بەم مەبەستەدا.

٤–بەدواداچوون لە گەیشتنی ژمارەکانی گۆڤارو رۆژنامە جۆراوجۆرەکانی کە کتێبخانە بەشدارە تیایانداو بەدواداچوون بۆ ئەو ژمارانەی نەگەیشتوون بەکتێبخانە.

٥–بەدەست هێنانی بەشێك لەو ژمارە کۆنانەی پێشتر دەرچوون.

٦–بەدواداچوونی لایەنی مادی بەشداربوو لە خولاوەکان‌و پێدانی کرێی مانگانەو ساڵانە بەو لایەنانەی خولاوەکان بۆ کتێبخانە ئامادە دەکەن.

٧–ئامادەکردنی گۆڤارو رۆژنامەکان بۆ بەرگ تێگرتن.

٨–رێکخستن‌و پاراستن‌و خستنەرووی ژمارە جۆربەجۆرەکانی خولاوەکان.

٩–ئامادەکردنی رێبەرو کورتکراوەکانی تایبەت بەخولاوەکان.

١٠–پاراستنی هۆکارەکانی هەڵبژاردن (رێبەر ـ کورتکراوە ـ بیبلیۆگرافیا)

١١–هەڵسەنگاندنی گۆڤارو رۆژنامەکان.

١٢–هاوکاری کردنی بەشەکانی تری خولاوەکان لە کتێبخانەو بنکە زانیارییەکانی تردا لە گەیاندنی زانیارییەکان یاخود ئاڵوگۆڕکردنی گۆڤارو رۆژنامەکان لە نێوانیاندا.

تەکنەلۆجیای بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکان لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا کاریگەریی گەورەیان هەبووە لە بەرهەم هێنانی گۆڤارە تایبەتمەندەکان‌و هەڵگرتن‌و تۆمارکردن‌و گەڕاندنەوەی وتارەکان بەخێراییەکی زۆر.

لێرەدا خزمەتگوزارییەکی نوێ دەرکەوت بەناوی (گۆڤارە ئەلیکترۆنییەکان)، هێڵەکانی ئینتەرنێت کاریگەری زۆریان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی گۆڤارە ئەلیکترۆنییەکان کە لە رێگای تۆڕەکانەوە هەزاران گۆڤارو رۆژنامەی تایبەت لەسەرجەم بوارە جیاجیاکاندا بڵاودەبنەوە لەسەرتاسەری جیهان.

سەرچاوەکان

١–إيمان فاضل السامرائى/ التعامل مع الدوريات فى المكتبة العربية، مجلد أداب المستنصرية، مج، ١٩٨٠.

٢– إيمان فاضل السامرائى/ قواعد و شبكات المعلومات المعوسبة فى المكتبات و المراكز المعلومات، عمان، دارالفكر، ٢٠٠٠.

# کورتەیەك دەربارەی زانستی زانیارییەکان

ئا. نەورۆز شەوکەت

هەردوو لێکۆڵەری بواری زانیارییەکان (تافکۆ ستراسفیك TEFKO SARASEVIC) و (ئـ. ریس A.M. REES) حەوت خاڵیان دەستنیشان کردوە کە پێویستە لە هەر بابەتیکدا هەبێت تا سیفەتی بەزانستی بوون وەرگرێت:

١– بوونی کۆمەڵگایەك کە گرنگی بەو دیاردەو بابەتە بدات.

٢– بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسانی پسپۆر لەو بوارەدا کە هەڵگری ئامانجێکی هاوبەش بن‌و بەزۆری دەبێت کەسانی ئەکادیمی‌و دەرچووی دەزگا زانستییە باڵاکان بن.

٣–بوونی میتۆدێکی زانستی بۆ لێکۆڵینەوە لەو دیاردەیە یاخود ئەو بابەتە.

٤–بوونی باکگراوندێك‌و پاشخانێکی تیۆری کە پشتی پێببەسترێت.

٥–بوونی دامەزراوەی فێرکاری بۆ ئەو بوارە.

٦–بوونی کەناڵی جیاواز بۆ پەیوەندی کردن لە نێوان پسپۆرەکانی ئەو بوارەدا.

٧–بوونی رێکخراوێکی پیشەیی‌و گۆڤارێکی زانستی تایبەتمەند.

پاش تاوتوێکردنی ئەم خاڵانەو بەراورد کردنی چەمکی زانیارییە گشتییەکان، (سراسفیك) و (ریس) گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە (زانیارییە گشتییەکان) زۆرینەی ئەو خاڵانەی تێدا بەرجەستە دەبێت، بۆیە بوونی (زانیارییەکان) وەك زانستێکی سەربەخۆ لە ساڵی ١٩٦٨ لەلایەن ئەو دوو زانایەوە راگەیەندراو جەختی لەسەر کرایەوە.

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتی هەڵبدەینەوە، دەبینین رەگ‌و ریشەی زانیارییە گشتییەکان لە هەموو زانستەکانی دیکە کۆنترە، لە ناو خودی مرۆڤیشدا غەریزەی زانینی دیاردەکان‌و هۆکارەکانیان‌و راڤە کردنیان هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە چێندراوە، ئەمەش جۆرێکە لە غەریزەیەکی (فزولی) پۆزەتیڤانە، هەر ئەمەشە پاڵنەری سەرەکی کە بەشێوەیەکی شاراوە لە پیشت هەوڵدانی مرۆڤەوە دەوەستێت بۆ فێربوونی زانست‌و بەزانستی بوون‌و پاشان لێکەوتنەوەی شارستانیەتێکی مرۆڤایەتی مەزن کە زانست یەکێکە لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی.

بوونی زانیارییەکانی مرۆڤ پاڵنەری سەرەکی بوون بۆ داهێنانی نووسین‌و داهێنانی کتێب‌و پاشانیش کتێبخانەکان لە تەمەنی دوورو درێژی مرۆڤایەتیدا، چونکە گەر مرۆڤ هەستی بەکەڵەکەبوون‌و زۆر بوونی زانیارییەکانی نەکردبێت هەوڵی نەداوە بۆ تۆمارکردنیان، کە ئەم هەوڵدانەش پێویستیی داهێنانی دیاردەیەکی یەکجار مەزنی شارستانێتی مرۆڤی لێکەوتەوە کە ئەویش داهێنانی نووسینەو بەم داهێنانەش مرۆڤ هەنگاوی نایە نێو قۆناغێکی تازەی مێژووەو سەردەمە تاریکەکانی تێپەڕاند، لێرەوە مێژوو بوو بەدوو بەشی سەرەکییەوە، قۆناغی پێش مێژوو (پێش نووسین)، قۆناغی مێژوو (قۆناغی نووسین).

پاش ئەو هەموو سەردەمانەی کە مرۆڤایەتی لە نەخشەی مێژوودا بڕیویەتی تا سەرەمە نوێیەکان‌و پێشکەوتنی زانستی‌و تەکنۆلۆجی، مرۆڤە شارستانی‌و روناکبیرەکان هەستیان بەکەڵەکە بوونی لە رادەبەدەرو زیادبوونی زانیارییە گشتیەکان کرد، هەر لێرەوە کێشەیەکی دیکەی رۆشنگەری بۆ مرڤ لە دەرگای ئاسۆی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا.

یەکەم بیریار لە زەنگی ئاگادرکردنەوەی مەترسی ئەم کێشەیەدا ( جوزیف هێنری J. HENRY) سکرتێری دامەزراوەی ( Smithsonia Institute) زانستی بوو لە ساڵی ١٨٥١، کە دەڵێت: " راپۆرتە ژمێرییارییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە بڕی ئەو سەرچاوە زانیارییانەی کە ساڵانە بڵاو دەبێتەوە دەگاتە نزیکی بیست هەزار سەرچاوە، ئەمەش دەچێتە سەر باڵانسی کەڵەکەبووی زانیارییەکانی پێشوو، گەر ئەم لێشاوە بێشومارەی زانیاری بەشێوەیەکی لەبارو گونجاو رێك نەخرێت، هەروەها کەرەستەی گونجاو نەدۆزرێتەوە بۆ هەڵگرتنیان‌و لێکۆڵینەوە لە راستی‌و دروستیان، ئەوا لێکۆڵەران لە ناو ئەو شەپۆل‌و لێشاوە هزرییەی مرۆڤایەتیدا ون دەبن، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو باڵانسە کەڵکە بووە لە ژێر کاریگەریی قورسایی خۆیدا هەرەس دێنێت".



پاش نزیکەی سەدەیەك لەم ئاگادراکرنەوەیە، رۆشنبیران بەتەواوی هەستیان بەو مەترسیە کرد کە (جۆزیف هێنری) پێشبینی کردبوو، بۆیە گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە کەرەستە باوەکانی کتێبخانە لاوازە لە رووبەڕوو بوونەوەی ئەو کێشانەی کە دوچاری رەوتی رۆشنگەری مرۆڤایەتی دێت، لێرەوە پێویستی دەستنیشان کردنی سەرلەبەری رەهەندەکانی ئەم کێشەیە هاتە ئاراوە، ئەوەشی بەم کارە هەستا (ڤانیڤەر بوش V. BUSH) بوو لە میانی وتاری رۆژنامە بەناوبانگەکەیەوە بەناونیشانی: (پێویستە ئاوا بیر بکەینەوە As We must think) کە لە ساڵی ١٩٤٥ بڵاوی کردەوە، هەروەها بوش پێشنیاری داهێنانی ئامێرێکی کرد بەناوی (MEMEX ) کە بەهۆیەوە رۆشنبیر دەتوانێت لە کەمترین ماوەدا بگاتە زانیارییەکی مەبەست لە نێوان هەزاران‌و ملیۆنان زانیاریی دیکەدا، بێگومان ئەم ئامێرەی کە بوش پێشنیاری کرد لە ئامێری (مایکرۆ فیلم)و (مایکرۆفیش) دا بەرجەستە دەبێت‌و دواتریش دەبێتە یەکێك لە کەرەستە گرنگەکانی کتێبخانە پێشکەوتووەکان..

لە ئێستاشدا داهێنانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت توانیویەتی بەڕادەیەکی زۆر بەرچاو بەسەر کێشەی زانیارییەکاندا زاڵ ببێت‌و رەوتی رۆشنگەری مرۆڤایەتی لەو قەیرانە رزگار بکات، چونکە بەپەیوەندی کردنی خوێنەر لە رێگەی ئینتەرنێتەوە دەتوانێت بچێتە ناو ئەو تۆڕ یەکجار بەرفراوانەی زانیارییەوە کە تا ئەم چرکە ساتە مرۆڤایەتی پێی گەیشتووە، ئەمەش تەنها بەچەند کلیکێك بەهۆی ماوسی کۆمپیوتەرەکەیەوە.

هەرچۆنێك بێت ئێستا زانیارییەکان وەك زانستێکی سەربەخۆ ناسراوەو لەگەڵ ئاراستە بوونی زانست‌و رۆشنگەریی مرۆڤەکان بەرەو تایبەتمەندبوون، بەڵام زۆریك لە لێکۆڵەران پێیان وایە کە هەر کەسێکی پسپۆر بەتەنیشت تایبەتمەندییەکەی خۆیەوە پێویستە زانیاری گشتیشی لە زۆربەی بوارەکانی دیکەدا هەبیت، بۆیە واڵاکردنی دەرگای زانیاریەکان هەمیشە دەبێت بەبێ داخستن بێت.

سەرنج: سوود لەم بابەتە وەرگیراوە(علم المعلومات،نشأته و تعريفاته/د.محمد عبود الزبيدى).

# چەند تێڕامانێك سەبارەت بە کتێب و خوێندنەوە

**(١-٢)**

**ئازاد بەرزنجی**

ڕەنگە پرسیارێکی ڕەوا بێت گەر بپرسین ئاخۆ ئەم دونیایە چۆن دەبوو گەر کتێب و خوێندنەوە نەبووایە؟

با بیهێنینە بەرچاومان، ئەگەر تەورات و ئینجیل و قورئان و تێکستەکانی بوودیزم و شینتو باقیی ئایینەکانی ترو تێکستە فەلسەفییەکانی فەلسەفەی یۆنانی و داستانەکانی هۆمیرۆس و شانۆنامەکانی شەکسپیرو کتێبەکانی کانت و هیگل و مارکس و نیچە و هایدیگەرو ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی و مارسیل پرۆست و جەیمس جۆیس و.... هتد نەبوونایە، ئەم دونیایەی کە هەنووکە ئێمە تێیدا دەژین، ئاخۆ بە هەمان ئەم شێوەیەی ئێستای دەبوو؟ بێگومان نەخێر.

لەراستیدا پەیدابوونی کتێب و نووسین و خوێندنەوە بەڕادەیەك گرنگە کە دەکرێ مێژووی مرۆڤایەتی لەڕێی گرنگیی کتێبەوە بکەین بە دوو سەردەمەوە: سەردەمی بەر لە پەیدابوونی نووسین کە دەیان هەزار ساڵی ژیانی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، هەروەها سەردەمی پاش پەیدابوونی نووسین کە مێژووەکەی بۆ چەند هەزار ساڵێك دەگەڕێتەوە. ڕاستییەکی بەڵگەنەویستیشە کە تێکستی وا هەبوون ئاراستەی مێژوویان گۆڕیوە و بوونەتە مایەی گۆڕانی گەورە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

کەواتە کتێبە ڕاستەقینەکان لەوە دەردەچن کە بەتەنها کۆمەڵێك وشە و ڕستەی ڕیزکراو بن. کتێبە گەورەکان تۆمارگەی فیکرو مەعریفە و ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤایەتین. ئادەمیزاد لەڕێی خوێندنەوەی کتێبە گەورەکانەوە بە ژیانی ڕۆحی و فیکریی قۆناغ و شێوازی جیاوازی ژیانە هەمەجۆرەکانی مرۆی سەر زەوی ئاشنا دەبێت.

کتێبە گەورەکان بەمانا فراوانەکەیان وەکو ژیان خۆی وان، قابیلی خوێندنەوەی جیاوازو جۆراوجۆرن. بە مانایەك لە ماناکان دەتوانین بڵێین ئەم جیهانە خۆی لە خۆیدا وەکو کتێبێکی گەورە وایە کە هەر ئایینەو هەر فەلسەفەیەك لێکدانەوەو خوێندنەوەی جیاوازی خۆی بۆ هەیە. کتێبیش جیهانێکی بچووك کراوەیە کە بە ڕووی جیهانە فراوانەکەدا ئاوەڵایە.

هەر کتێبێك کلیلێکە و بەرووی لایەنێك لە لایەنەکانی ژیان و بووندا دەرگایەکمان بۆ دەکاتەوە.

هەر یەکێك لە ئێمە باش ئەوەی بەبیر دێت کە هەر لە منداڵیمانەوە بوونمان بە پرسیارە بێشومارەکان تەنراوە:

بۆ هەین؟ گەردوون چییە؟ لە کوێوە هاتووین؟ ئایا ئەم دونیایە خودا دروستی کردوە؟ ئایا گەردوون سەرەتاو کۆتاییەکی هەیە؟ چاکە و خراپە چین؟ بۆ دەمرین؟ ئایا دوای مردن ژیانێکی دیکە هەیە؟ ئایا چارەنووسە مرۆڤایەتی بەرەو کوێ دەڕوات؟ و چەندەها پرسیاری تر.

خولیای گەران بەدوای وەڵامدا بۆ ئەم پرسیارانە یەکێکە لە هاندەرە بەهێزەکانی ئادەمیزادە بۆ پەنا بردنە بەر کتێب و خوێندنەوە. ئێمە هەر لەڕێی کتێبەوە فێردەبین کە باوانی ئادەمیزاد چۆن ژیاون و سەرەتاکانی ژیاری مرۆیی چۆن دەستی پێ کردوە و کلتوورەکان چۆن دروست بوون؟

هەر لەڕێی کتێبەوە بە ئەزموونی شۆڕش و یاخیبوونەکانی ئادەمیزادەکان دژ بە دەسەڵات و ڕژێمە تۆتالیتارو ستەمکارەکان لە مێژووی کۆن و نوێدا، ئاشنا دەبین.

کەواتە کتێب سەرچاوەیەکی گرنگی مەعریفە و هوشیاریی ئادەمیزادە بە ڕابردوو و ئێستاو ئایندە. هوشیاریی بە خۆمان و بەوانی تر.

کۆمەڵگایەك کە بایەخ بە کتێب نادات و خەمی سەرەکیی تێربوونی پێداویستییە مادییەکان و غەریزەکانی و هەڵپەکردنە بۆ دەسکەوتە ماددی و کەمالیاتئاساکان، کۆمەڵگایەکی ناواخن بۆشە. ئیدی با تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە تا بینەقاقاشیان لە سەروەت و ئیمتیازاتی ماددیدا نوقم بێت. ئەم بایەخدانەش بە خوێندنەوە پێویستە هەر لە تافی منداڵییەوە دەست پێبکات، هەر لە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییەوە تا دەگاتە قۆناغی زانکۆیی. پێویستە مامۆستایان و پەروەردەکاران هانی قوتابیان و خوێندکاران بدەن بۆ خوێندنەوەو گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی هوشیاری و ڕۆشنبیریدا.

هەڵبەتە بەداخەوە ئەو دۆخەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە تەواو پێچەوانەی ئەمەیە و قوتابیان و خوێندکاران و تەنانەت بەشێکی زۆری مامۆستایانی زانکۆش لەو چوارچێوە تەسکەی کە لە پرۆگرامی خوێندندا دیاری کراوە ناچنە دەرەوەو هەموو تواناکانی خوێندکار لەو پرۆگرامەدا قەتیس دەخوات و مامۆستا ڕۆڵی پێوتەرەوەو خوێندکاریش ڕۆڵی تووتی دەبینێت و بەرەنجامەکەش کائینێك دەبێت کە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە ئیفلیجە و بۆتە دەخیلەیەك بۆ هەندێ زانیاری و هیچی تر، ئەمە لە کاتێکدا ڕۆشنبیری شتێکە و زانیاری کۆکردنەوە شتێکی تر.

جیاوازییەکی گەورە لە نێوان فێربوون و ڕۆشنبیربووندا هەیە. فێربوون بریتییە لە وەرگرتنی هەندێك زانیاری (معلومات)، بەڵام ڕۆشنبیربوون پێکەوەنانی دیدو جیهانبینی یە بۆ دونیا. لەکاتێکدا زانیاری مامەڵە کردنە لەگەڵ ڕواڵەتی شتەکاندا ، ئەوا ڕۆشنبیری مامەڵەکردنە لەگەڵ قووڵایی شتەکاندا. دەشێ کەسێك زانیاریی زۆری سەبارەت بە زۆر شت هەبێت، بەڵام نەتوانێت لە دیدێکی تایبەتەوە لەو شتانە ڕابمێنێت و لێیان بکۆڵێتەوەو شییان بکاتەوە. کەواتە ئەوە ڕۆشنبیری و خۆرۆشنبیرکردنە کە توانای وردبوونەوەو توێژینەوە بە مرۆڤ دەبەخشێت، نەك زانیاری کۆکردنەوە. زانیاری یەکێکە لە ئاستە سەرەتاییەکانی ڕۆشنبیری.

هەرچەندە لێرەدا دەبێ دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە زۆرینەی خەڵك عەودالی شتی سادەو حازربەدەستن، واتە تەنها بە زانینی ڕووکەشی شتەکان ئیکتیفا دەکەن و خۆیان ماندوو ناکەن تا زیاتر ڕۆبچنە قووڵایی ئەو شتانەوە. هەر بۆیە تەنها چاوخشاندن بە ڕۆژنامەکانداو تەماشاکردنی تی ڤی و هەندێ گۆڤاری هەمەڕەنگی بازاڕی، ئاستی هوشیاریی زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگا دیاری دەکات.

ئەمە لە کاتێکدا ئەم ئامرازانەی میدیا دەشێ سەرچاوەی زانیاریی بەکەڵك بن، بەڵام نابنە سەرچاوەی مەعریفە و ڕۆشنبیری. هەربۆیە ئێمە لەو حاڵەتانەدا ڕووبەڕووی مرۆڤێك دەبینەوە کە بەتەنها هەڵگری زانیارییە و بەتاڵە لە ڕۆشنبیری، بۆچی؟

لەبەر ئەوەی لەحاڵەتی بەرخوردماندا لەگەڵ ڕادیۆو تەلەفزیۆندا ئێمە دەبینە بوونەوەرێکی پاسیڤ و بەتەنها ڕۆڵی گوێگرو بینەر دەبینین کە بەرامبەر کۆمەڵێك پەیڤ و وێنەی بیستراو و بینراوی خێراو تێپەڕین و ئەو پەیڤ و وێنانەشمان وەکو کۆمەڵێك ڕاستیی بەڵگەنەویست پێ پیشان دەدرێ، کە لە ڕاستیدا زۆربەیان وانین.

هەروەها ڕادیۆ و تی ڤی بواری شیکردنەوەو ڕامان و لێکۆڵینەوە نادات .

هەربۆیە پەیوەندییەکە زیاتر پەیوەندییەکی یەکلایەنەیە کە تیایدا ڕادیۆ و تی ڤی لایەنی زاڵن. بەڵام لەحاڵەتی مامەڵەکردنماندا لەگەڵ کتێبدا دۆخەکە پێچەوانەیە، چونکە کتێبەکە بەردەوام لەبەردەمماندا ئامادەیە و هەرکاتێك بمانەوێ دەتوانین لەسەری بوەستین و لێی وردبینەوەو لەگەڵی بکەوینە گفتوگۆوە و لایەنی تێزەکانی بگرین یان ڕووبەڕووی بوەستینەوەو لەم حاڵەتەشدا پەیوەندییەکە پەیوەندییەکی زیندووترو ئینسانیترو قووڵترە.

ئەمە جگە لەوەی کە ڕادیۆوو تی ڤی جۆرێك لە یەقین و متمانەو بڕوا بەخۆبوونی کوێرانەو درۆزنانە لای بینەرو بیستەر دروست دەکەن، بەڵام کتێب بە پێچەوانەوە، ئێمە چەند زیاتر بخوێنینەوە ئەوندە زیاتر بۆمان دەردەکەوێت کە هێشتا شتێکی ئەوتۆ لە نهێنییەکانی ژیان و بوون و گەردوون نازانین و زیاتر پەی بە پانتاییەکانی نەزانین دەبەین لە خۆمانداو هەست دەکەین هێشتا زۆرمان ماوە لە مرۆڤ و لە دونیا تێبگەین.

**مەحوی دەڵێت:**

*هەر گفتوگۆمە، کەچی هەر ئەڵێم و تێ ناگەم*
*هەر جوست و جۆمە، کەچی هەر ئەڕۆم و پێ ناگەم*
*چاوم ڕواو گۆشەی ئەو ئەبرووەم نەدی*
*دڵ بوو بە بەحری عولووم و لە ئەلف و بێ ناگەم*

ئەم پەیوەندییەش پەیوەندییەکی ڕاستەقینەترە بە دونیاو ژیان و دیاردەکانی بوونەوەو هەروەها پەیوەندییەکی زیندووترە.

ئەمەش دەمانگەیەنێتە خاڵێکی گرنگ کە ئەویش جیاوازیی نێوان خوێنەری داهێنەر و ئاکتیڤ و خوێنەری پاسیڤە، یان چاکتر وایە بڵێین خوێندنەوەی ئاکتیڤانەو خوێندنەوەی پاسیڤانە .

لەراستیدا خوێندنەوەی دروست خوێندنەوەی ئاکتیڤانەیە، واتە ئەو خوێندنەوەیەی کە لە ڕێیەوە خوێنەر دەچێتە نێو پرۆسەیەکی فیکریی دیالەکتیکییەوە . خوێندنەوەی ئاکتیڤانە خوێندنەوەیەکی داهێنەرانەو کەشفکارانەیە. ئەم جۆرە خوێندنەوەیە دەبێتە مایەی بزواندنی توانا ئەقڵی و فیکرییەکانی خوێنەر. لەم حاڵەتەدا خوێنەر بەتەنها ئامێرێك نییە بۆ وەرگرتنی زانیاری (وەك لە حاڵەتی خوێندنەوەی پاسیڤانەدا هەیە)، بەڵکو ئەمجۆرە خوێندنەوەیە، یان ئەم شێوازە لە خوێندنەوەدا دەبێتە هۆی تێڕامان و بەراوردکردن و شیکردنەوەو ئەنجامگیریی نوێ. خوێندنەوەی ئاکتیڤانە وا لە خوێنەر دەکات بە شێوەیەکی زیندووتر مامەڵە لەگەڵ ژیان و بووندا بکات. کەسمان ناتوانین نکووڵی لەوە بکەین کە هەندێ کتێب هەن بۆچوونمان بۆ دونیا دەگۆڕن، وەك چۆن کەم نییە ژمارەی ئەو کتێبانەش کە مێژووی دونیایان گۆڕیوە . کەواتە خوێندنەوەی ئاکتیڤانە خوێندنەوەیەکە هانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەدات و پرسیاری زیندوو دەوروژێنێت.

بەڵام خوێندنەوەی پاسیڤانە خوێندنەوەیەکی بەرخۆرانە (ئیستیهلاکی یە)، خوێندنەوەیەکە بەمەبەستی وەرگرتن و کەڵەکەکردنی زانیاری، وەلێ بەدابڕاوی لە پرۆسەکانی لێکدانەوەو شیکردنەوە. خوێندنەوەیەکە زیاتر بایەخ بە بڕی ئەو زانیارییانە دەدات کە وەریاندەگرێت یان لەبەریان دەکات و دواتر ئەو کەسە وەکو تووتی دەیانڵێتەوە.

ئەفسووس کە دەتوانین بڵێین زۆرینەی خوێنەرانی ئێمە لە جۆری دووەمن. هەر ئەمەشە وای کردوە کە زۆربەیان نەتوانن بچنە قووڵایی ئەو دەقانەوە کە دەیانخوێننەوەو نەتوانن لێکۆڵینەوەی وردیان لەسەر ئەنجام بدەن و هەندێجار یان کوێرانە بەشان و باهووی ئەو دەقەو نووسەرەکەیدا هەڵدەدەن، بۆ ئەوەی وا وەسف بکرێن کە خوێنەری بەئاگان، یان زۆر بە ئاسانی خەتی ڕاست و چەپی بەسەردا دەهێنن .

لێرەدا پێویستە لەسەر خاڵێکی زۆر گرنگ ڕابوەستین، ئەویش ئەوەیە کە هەموو نووسەرێك بەردەوام پێویستی بە خوێندنەوەی ئاکتیڤانەیە تا بتوانێت لە بوارەکەی خۆیدا درێژە بە کارەکانی خۆی بدات، بەڵام کۆمیدیا لەوەدایە کە لەنێوەندی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریی کوردیدا کەم نین ئەو کەسانەی کە بە ساڵیش کتێب ناخوێننەوەو کەچی لەسەر هەموو شتێك هەڵدەدەنێ و کەم هەفتە هەیە وتارێکیان بڵاو نەبێتەوە.

دیسانەوە دەبێ ئەو ڕاستییەش فەرامۆش نەکەین کە دەشێ خەڵکانێك هەبن خوێنەری زۆر ئاکتیڤ بن و بەڵام کەمنووس بن (لەسەر وەزنی کەمدوو) لەبەر هەر هۆیەك بێت. کەواتە مەرج نییە هەموو نووسەرێك خوێنەرێکی ئاکتیڤ بێت، کە لەراستیدا پێویستە وابێت، بەڵام هەروەکو ئاماژەمان پێ دا، نووسەرانێك هەن هەموو شتێك دەنووسن و هیچیشت نادەنێ، لەم حاڵەتانەدا ئەو جۆرە نووسینانە جگە لە زۆرگۆیی و درێژدادڕیی بێمانا، دەبنە مایەی وەڕسیی خوێنەرو زیانیشی پێ دەگەیەنن.

لەبەر ئەوە مەرج نییە هەر کەسێك نووسیی ڕۆشنبیر یان تەنانەت نووسەر بێت و دەبێ خوێنەری وریا ئەمجۆرە نووسین و نووسەرانە باش جیابکاتەوەو لەم ڕووەوە بە هەڵەدا نەچێت یان چەواشە نەکرێ. –



مەحوی



# باشترین کتێبەکانی دنیا لەهەموو سەردەمەکاندا

ئا. محەمەد کەریم

٢-٢

ڕۆژنامەی تەلەگراف ١١٠ کتێبی دەستنیشانکردوە کەباشترین کتێبی هەموو سەردەمەکانن و دنیایان گۆڕیوە. کتێبەکانیش بریتیین لەکتێبی کلاسیکی، خەیاڵی زانستی و ژیاننامە، هەموویان لەیەك لیستدا نووسراون و لەگەڵ لیستەکەدا کورتەیەك سەبارەت بە (٦٧) دانە لەو کتێبانە نووسراوە. لەم بەشەدا باسی (٣٧) کتێبی کۆتایی لیستەکە بڵاودەکەینەوە.

**چیرۆکی ڕۆمانسی**

**٣١-ریبیکا: دافنیێ دو مۆریێ**

ژنی دووەمی ماکسی میلیان خاوەنی زەوی کەناری دەریا کە لەهەمان کاتدا گێڕەرەوەیەکی بێ ناوی ڕۆمانەکەشە کاریگەریی وەسفە ئازار بەخشەکانی ریبیکای کارەکەری پێشووی ماڵەکەی لەسەرە. ئەم ڕۆمانە شاکارێکی گەورەیە.

**٣٢- مردنی ئارسەر: تۆماس میلۆری**

چیرۆکی میلۆری دەیەوێت ئەو ئیدعایە بسەلمێنێت کەمەبەستی سوارچاکی لەوەدا کەبەتەواوی پابەندە بەجوامێرییەوە بۆ هاوئامانجەکانی خۆیەتی نەك لەگیان سپاردنیدا بۆ بارەگای ژنێك کەدڵی خۆی پێی بەخشیوە.

**٣٣-پەیوەندییە ترسناکەکان: دو لاکلۆس**

پاریس لەسەدەی هەژدەیەمدا: مارکیز دو مەرتۆی و ڤیکانت دو ئەلمۆنت نەخشەیەك دادەنێن بۆ ئەوەی لەڕێگای فرت و فێڵەوە کەسانی وەجاخزادە بخەنە داوەوە، فرتوفێڵە شەیتانییەکەیان دواجار بێ بەرهەمدەبێت.

**٣٤- مان، کلادیۆس: رۆبەرت گریڤز**

چیرۆکی ژیاننامەیەکە بەلام دەستکردی کلادیۆسە، واتە چوارەمین ئیمپراتۆری گەورەی رۆمی کۆن. گریڤز بۆ نووسینەوەی چیرۆکی کلادیۆس سوودی لەدەقی مێژوویی وەرگرتووە، هەڵبەتە ئیدعای ئەوە دەکات کەخەوی بەئیمپراتۆرەوە دیوە.

**٣٥-سیانەی ئەسکەندەر: مێری ری نۆ**

ری نۆ لەسیانەیەکی مێژووییدا خوێنەران بۆ فەزای یۆنانی کۆن پەلکێش دەکات بۆ ئەوەی لەڕێگەیەوە ژیان و میراتی ئەسکەندەری گەورە بەوێنایەکی مرۆڤانە نمایش بکات.

**٣٦-ڕێبەرو فەرماندە: پاتریك هیبراین**

چیرۆکەکە لەفەزای شەڕەکانی ناپیلۆندا ڕوودەدات. کتێبەکانی ئیبراین دەریاکان بەفەرماندە ئیبری بریندار دەکات و لەشوێنی فەرماندەیی کەشتییەکەدا بەڕێوەدەچێ. چیرۆکەکە باس لەپەیوەندی خۆشەویستی نێوان ئیبری و ماتۆرینی دکتۆری کەشتیەکە دەکات کە لەدژی ڕاهیبێکی بودایی و لافاوێك لەجەنگدان.

**٣٧-لەگەڵ بادا ڕۆیشت: مارگرێت میچل**

سکارلێت ئۆهارا ڕێڕەوی خۆی لەناوجەرگەی شەڕی ناوخۆی ئەمریکادا دەگرێتەبەر. سکارلێت کچێکی لوت بەرزە کەسەرەتا بەخەیاڵی خۆی وێنەیەکی دەگمەنی ئاشیلی دەکێشێت بەڵام پاشان عاشقی مێردی سێیەمی واتا ڕێت باتلەر دەبێت، واتە هەمان ئەو کەسەی کە بەڕستەی (جار بەجەهەنم ئازیزم) دەستبەرداری دەبێت و درێژە بەژیانی خۆی دەدات.

**٣٨- دکتۆر ژیڤاگۆ: بۆریس پاسترناك**

یۆری ژیڤاگۆ عاشقی دوو ژنە، یەکێکیان تونیای ژنی و ئەوی تریشیان لارای شۆخ و شەنگ. پاسترناك لەگەڵ تاوانەکانی شەڕی ناوخۆی ڕوسیادا ئەم چیرۆکی خۆشەویستییە لەقاڵبی داستانێکی مێژوویدا دەگێڕێتەوە.

**٣٩-تێس دوبر ویڵز: تۆماس هاردی**

ژن و مێردایەتیی تێس لەگەڵ ئەنجل کلێردا بەهۆی منداڵێکی زۆڵەوە کە لەسکیدایە لەبەر یەك هەڵدەوەشێت و بەگوناهبارو کەمتەرخەم دادەنرێت و دەردەکرێ، وردە وردە دەبێت بەپاڵەوانی تراژیدی چیرۆکەکە کەناتوانێت لەکۆمەڵگای پڕ ریاکاریی ڤیکتۆریا رابکات و لەکۆتاییدا دەبێتە قوربانی ئەو کۆمەڵگایە.

**٤٠-داستانی پلانتاژێنت: جین کلیدی**

کۆمەڵە چیرۆکێکە کەئیلهامی لەژیانی خانەدانی پاشایەتی پلانتاژێنتی ئینگلیزەوە وەرگرتووە. جین پلیدی یەکێکە لەچندین ناوی خوازراو کەئیلونۆر ئەلیس لەژێر پەردەی ئەواندا چیرۆکە مێژووییەکانی خۆی دەنوسی و لەساڵی ١٩٩٣دا مرد.

**چیرۆکی پۆلیسی**

**٤١-مستەر ریپلی بەتوانا: پاتریشا های سمیت**

تیم ریپلی یەکێکە لەسەرنج ڕاکێشترین کارەکتەرەکانی ئەدەبی سەدەی بیستەم، گەنجێکی زۆر زیرەکە کەدەبێتە پیاوکوژێك و یەك لەدواییەك خەڵك دەکوژێت بەمەبەستی بەدەستهێنانی خواستەکانی خۆی رەوشت دەکات بەژێر پێوە.

**٤٢-هەڵۆی ماڵتا: دیشیل هێمت**

بریتییە لەحیکایەتی سووربوون لەسەر فرت و فێڵ و ساختەچێتیی. هەروەها وەکو یەکەم نموونەی چیرۆکی پۆلیسی سەدەی بیستەم، چیرۆکێکی تەواوە بەئامادەگی پاڵەوانی تاوانبار سیم سپیدو ژنێکی ساختەچیی و تەرحکردنی چیرۆکێکی ئاڵۆز کە وردە وردە گرێکانی دەکرێتەوە.

**٤٣-شارلۆك هۆڵمز: سێر ئارتۆر کانون دویل**

یەکێك لەپارادۆکسەکانی مێژووی ئەدەب ئەوەیە کەمرۆڤێکی وەکو دویل لەدوای خوڵقاندنی کارەکتەرێکی تەواو لۆجیکی سەراپای مێژووی ئەدەبیات، بۆ خۆی ڕو لەدنیای مەعنەوی دەکات.

**٤٤-خەوخۆش: ریمۆنت چینلەر**

ڕەنگە بەرهەمێکی ئەدەبی گەورە نەبێت بەلام بەکۆمەکی خوڵقاندنی چەند پاڵەوانێکی وەکو فلیپ مارلۆ کەیەکەمجار لێرەدا دەردەکەوێت چینلەر یارمەتیی پێناسەی ژانری چیرۆکی موحەقیق دەدات، پاشان فیلمی نوار لەم بەرهەمە دروستکراوە.

**٤٥-وەستا، بەرگدروو، سەرباز، جاسوس: لۆکریێ**

لۆکریێ مامۆستای ڕۆمانی جەنگی ساردەو بەسەرهاتەکانی جۆرج سمایلی جاسووسی گەورەی بەریتانیا دەگێڕێتەوە لەکاتی ئاشکراکردنی ڕووداوەکانی شەپۆل شکاندن لەمۆسکۆو مامەڵەکردن لەگەڵ خودای تۆڵەسەندنەوە کاگپ کارلادا.

**٤٦- ئەژدیهای سوور: تۆماس هیریس**

کاتێ هانیباڵ لیکتر بۆ دووەمجار دێتەوە ئاراوە دەبێتە هاوڕێی کۆنی ئێف. بی. ئای و (قوربانیش) ویڵ گراهام بەدوایدا دێت تا بەیارمەتی ئەو کێشەی تاوانباری سوریالی چارەسەر بکات.

**٤٧-پیاوکوشتن لەناو شەمەندەفەری خێرای ڕۆژهەڵاتدا: ئاگاسا کریستی**

خانە خۆڵەمێشییەکانی مێشکی هیرۆکۆت پوارۆ لەئەستەمبوڵەوە هەتا لەندەن تەیدەکات بۆئەوەی پەردە لەسەر رازی ژیان و مردنی ترسناکی موسافیرێك لابدات.

**٤٨-تاوانەکانی شەقامی مۆرك: ئەر دگار ئالان پۆ**

ئەم چیرۆکە زیرەکانەو داهێنەرانەیە باسی تاوانێکی دڕندانە دەکات کە لەسەدەی بیستەمدا لەپاریس ڕوویداوە، کارەکتەرێك بەناوی سی ئاگۆست دوپێنت وەکو پیاوێکی بەتوانای موحەقیقی تایبەت دەناسێنێت کەنموونەی زیاتری موحەقیقەکانە.

**٤٩-کچی سپی پۆش: ویکلی کولۆێنز**

حیکایەتێکی هەژێنەرە سەبارەت بەو ژنانەی لەسەدەی نۆزدەدا ژیانیان کەوتۆتە مەترسیەوەو لەقاڵبی نامە نووسیندا دەگێڕدرێتەوە، کارەکتەری شەڕانگێزی چیرۆکەکە پیاوێکی کاریزمای پاکیزەو قەڵەوە کە لەخەیاڵدا دەمێنێتەوە.

**٥٠-نوشات: ئەلمۆر لیۆنارت**

لیۆنارت تاوان نووسی بەناوبانگ لەڕێگەی دیالۆگی پڕماناو کورتی کارەکتەرە سەیرەکانییەوە بەناوبانگە. لێرەشدا تریلەر وەکو کەسێکی بەتیرو توانجی سەرنجڕاکێش دروستدەکات کەتیایدا ژن و مێردێکی سادە بەرێکەوت دەبن بەپاڵەوانی ڕووداوەکان. تارانتینۆ فیلمی کۆمیدی جیکی براونی لەم بەرهەمە وەرگرتووە.

**٥١-نورومنسر: ویلیام گیپسون**

چیرۆکێکی پڕ توندوتیژیی و مەترسییە کەتیایدا چالاکی تەکنەلۆژیی جۆرێك لەهەستیاریی و تێگەیشتنی تاریك و ئەنارشیستی و بازاڕییانەی لەخۆگرتووە، فەزایەکە پڕە لەفرت وفێڵ. بەرهەمەکانی گیپسۆن لەچەند لایەنێکی دیکەشەوە بایەخیان هەیە.

**کتێبی منداڵان**

**٥٢- پەڕەسێلکەو ئەمازۆنییەکان: ئارسەر رینسۆم**

چوار منداڵ سەفەر دەکەن بۆ دورگەی پشیلەی کێوی و لەوێ ڕووبەڕووی ئۆردوی گروپێکی دوژمن دەبنەوە، بەڵام دوایی لەدۆزینەوەی گەنجینەیەکدا یەکدگرن.

**٥٣-شێرو کۆمەدی و جادوگەر: سی ئیس لویس**

پیتەرو سۆزان و ئەدمۆندو لوسی بەڕێکەوت خۆیان لەخاکی نارنیاو جادوگەری سپیدا دەبیننەوە. ئەم ڕۆمانە سوودی لەپەیکەری مەسیح و بەسەرهاتی قوربانیی و هەستانەوە وەرگرتووە.

**٥٤- ئاغای ئەڵقەکان: سالکین**

فرودو هاوڕێکانی سەفەرەکەیان بۆ قەڵەمڕەوی تاریکی دەستپێدەکەن بۆئەوەی ئەڵقەکانی دەسەڵات لەشاخە ئاگرینەکانی ئەوی لەناو بەرن، بەدرێژایی ئەم سەفەرە بوونەوەرە بچووکەکان دەبنە پاڵەوانی نەمری چیرۆك بێژان. تائێستا زیاتر لە سەد ملیۆن دانە لەم کتێبە فرۆشراوە.

**٥٥-نیوە شەیتانییەکەی: فلیپ پولمان**

لەم کتێبە سیانییەدا ویل و لیرا کورو کچێکی دانیشتووی ئۆکسفۆردن کەسەفەری خەیاڵی دەکەن. ئەم کتێبە ڕووبەڕووی کاردانەوەی زۆر ڕەخنەگر بۆوە، خودی پۆلمان وتویەتی ئەم کتێبە دەربارەی کوشتنی خودایە. ساڵی ڕابردوو لەسەر بنەمای ئەم کتێبە سیانییە کۆمپانیای (نیولاین سینەما) فیلمێکی دروستکرد.

**٥٦- فیلێك بەناوی بابار: ژان دو برۆنۆف**

بابار کوشتنی دایکی بەچاوی خۆی دەبنێت، دوای ئەوە لەدارستانەوە دەچێت بۆ پاریس و لەوێ بەخاتوو پیر ئاشنا دەبێت. لەو ماوەیەدا جاربەجاریێ دەگەڕێتەوە بۆ قەڵەمڕەوی پاشایەتی فیلەکان و لەدوای مردنی پاشا دەبێتە جێنشینی و بەسەرهاتی زۆری بەسەر دێت.

**٥٧-منالانی هێڵی ئاسن: ئەی. نسبیت**

باوکی روبەرتاو پیتەرو فیلیس بەتۆمەتی درۆی فرۆشتنی زانیاری نهێنی بە روسەکان دەگیریێ و زیندانیی دەکرێت. منالەکان ناچار دەبن بگوێزنەوە بۆ خانوویەك لەنزیکی هێڵی ئاسن. منالەکان هەموو ڕۆژێك دەست بۆ ئەو شەمەندەفەرانە رادەوەشێنن کەبەبەردەمی ماڵەکەیاندا تێپەڕ دەبن. منالەکان بەدوو کارمەندی شەمەندەفەرەکە ئاشنا دەبن لەبەرئەوەی یەکێکیان دەسەڵاتێکی زۆری هەیە کارێکی وادەکات بێتاوانیی باوکی منالەکان دەردەخات. ئەم کتێبە چەندین جار فیلمی سینەمایی و تەلەفزیۆنیی لێ دروستکراوە.

**٥٨- ڤینی گیل: میلنیێ**

ورچێکی گێل لەگەڵ هاوڕێکانیدا لەناو دارستانێکی بچووکدا دەژی، ئەم چیرۆکە کەمێك لەچیرۆکی منالان واوەترە. میلنیێ لەم کتێبەدا بەدادگایی و سەرکەوتن و کاولکارییەکانی ورچی هەنگوین دۆست و دەست و دڵ باشدا بەجۆرە فەلسەفەیەکی ژیانەوە دەنووسێت.

**٥٩- هاری پۆتەر: جی کی رولینگ**

بەسەرهاتەکانی ئەو کوڕە جادوگەرەیە کە لەکاتی مێردمنالییدا بەهێزی شەیتانی ئاشنا دەبێت. ئەم کتێبە هەتا ئێستا ٣٦٥ ملیۆن دانەی لێفرۆشراوەو بۆ ٦٥ زمانی دنیا تەرجومە کراوە. دیاردەی هاری پۆتەریش ڕەخنەگری خۆی هەیە، بەلام زۆربوونی ژمارەی نوسخە فرۆشراوەکانی و ئەو کەسانەی بێ ئەوەی شەرم بکەن سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەم کتێبەن، حیکایەتێکی ترە.

**٦٠-با لەناو دارییەکاندا: کینت گراهام**

مشکەکوێرەیەکی تەنیاو بەدبەخت هەوڵ دەدات کونەکەی پاك بکاتەوە، بەلام لەناکاو لەفەزایەکدا لەدەرەوەی ماڵەکەی خۆی سەردەردێنێت. سێ هاوڕێی خۆی دەبنێت و ژیانێکی نوێ دەستپێدەکات کەتیایدا دەبێت یەکێك لەهاوڕێکانی لەدەستی جانەوەرێك ڕزگار بکات،

**٦١- دورگەی گەنجینە: رۆبەرت لویس ستیڤنسۆن**

جیم هاوکینز کە هێشتا لاوەو ڕوو لە گەورەبوون و گەشەکردنە نەخشەی گەنجینەی دزەکانی دەریا لەناو کەلوپەلی کاپتنی کەشتییەکەدا دەدۆزێتەوەو بەدوایدا دەچێت. یەکێك لەکارەکتەرە سەرنجڕاکێش و پڕ رازو نیازەکانی جۆن سیلۆری دزی دەریایی و تووتییەکەیەتی.

**٦٢-ئامێری زەمەن: ئیچ. جی. ویلز**

ڕێبواری زەمەن سەفەردەکات بۆ دنیایەکی دوورو چیرۆکێکی پڕ بگرەو بەردەش لەخۆ دەگرێت.

**٦٣-دنیایەکی نوێی ئازا: ئەڵدۆس هوکسلی**

ئەم ڕۆمانە باسی جگەرەو مادە هۆشبەرەکان و ئارەزووی سێکسی و خۆکوشتن دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا خراپی و هیچ و پووچیی کلتوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەڕوانگەی نووسەرەوە نیشان دەدات.

**٦٤- ١٩٨٤ جۆرج ئۆریل**

جیهانی ڕەسم کراو لەم کتێبەدا زۆر دڵسارد کەرەوەیەو لەهەمان کاتدا جێگای باوەڕیش نییە کەزاراوەی دنیای ئۆریلی ماوەیەکی زۆرە هاتۆتە ناو زمانی ڕۆژانەوەو باس لەکۆنترۆڵی تەواوی دەوڵەتێکی توندوتیژ دەکات. ئەم ڕۆمانە دڵسارد کەرەوەو پڕکینایەو ڕۆمانسییە، لەهەمووشی زیاتر هاوارێکە بۆ ئازادی.

**٦٥-ڕۆژی تریفیدیز: جۆن ڤیندیهام**

کتێبێکی ترسناکە لەبابەتی کتێبی پەنجاکانی سەدەی بیست. بەلام وردە وردە کە کارەکتەرەکان بەسەر کێشەکاندا زاڵدەبن ڕۆمانەکە تۆکمەو ترسناك دەبێت.

**٦٦-ئۆدیسەی فەزایی: ئارسەر. سی. کلارك**

ئەمە یەکەمین بەرهەمی چواربەرگی کلارکە کەوەکو ڕۆمان نوسیویەتی و بەهاوکاریی لەگەڵ ستانلی کوبەریکدا فیلمنامەیەکی لێ بەرهەم هێناوە. لەکاتێکدا کەدیسکەڤەری یەك بەرەو زوحەل دەچێت، کلارك مەترسییەکانی دەسەلاتی تەکنەلۆژیی کۆمپیوتەر هۆڵی ٩٠٠٠ نمایش دەکات.

**٦٧-ئایا ڕۆبۆتەکان خەونی مەڕی کارەبایی دەبینن؟: فیلیپ کی. دیپ**

ئەم شاکارەی دیك وەلامی ئەم پرسیارە دەداتەوە کەجیاوازیی سەرەکی ئێمەی مرۆڤ لەچیدایەو پێ بەپێی ئەوە لەگەڵ ڕێك دیکاردا هاوکاردەبین لەئەرکەکەیدا بۆ لەکارخستنی رۆبۆتە یاخییەکان. ئەم کتێبە ئیلهام بەخشی فیلمی بلید رانری رایدلی سکۆت بووە.

سەرچاوە/ سایتی کتابکدە




لەگەڵ با دا ڕۆیشت




هاری پۆتەر




دکتۆر ژیڤاگۆ




١٩٨٤




دنیایەکی نوێی ئازا




شارلۆك هۆلمز

# گەنج لە نێوان کلتوری کتێب و کلتوری ئینتەرنێتدا

ئا. عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە

قسەکردن لەسەر واقیعی گەنج و کتێب خوێندنەوە بۆتە پێویستی، ئەم پێویستیە لەوەدایە کە گەنج بەبێ کتێب یەکسانە بەبۆشاییەکی فیکری و رۆشنبیری و ئەمەش وای لێدەکات ناچار بێت لە هەر چاوگێکی ترەوە بێت خۆی پاراو بکات. بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەو رایەداین کە دەبێ گەنج بۆ رووبەڕوو بوونەوەی هەر جۆرە لەمپەرو تێپەڕاندنی هەر بەربەستێك پەنا بۆ کتێب بەرێت، دیارە ئەم بۆچوونەش دەرەنجامی ئەو رەفتارو هەڵسوکەوتە نەرێنی و بێ پاساوانەیە کە لە گەنجان دەبینرێن.

ئەوەی بەڵگەنەویستە ئەوەیە کە گەنجی خوێنەر گەنجێکی بەتوانایە بۆ ژیان لەگەڵ سەردەمدا بۆ ئەوەی بەکارایی و بەرهەمهێنەرانە بمێنێتەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی خاوەن کەسێتییەکی بەهێزە، تێبینییش دەکرێت کە گەنجی خوێنەر بەرادەیەکی زۆر بەشدارە لە بەهێزکردنی کەسێتی مرۆڤو بەرزکردنەوەی ئاستی بیرکردنەوەی و وێناکردنی واقیعی کۆمەڵایەتی، بەشداریش دەبێت لە گەشەدان بەو ئاراستەو بەهایانەی لای گەنجان بەهەند زانراون.

کە دەشمانەوێ باس لە پەیوەندی دوو لایەنەی نێوان گەنج و کتێب بکەین، پێموایە راستەوخۆ دەگەینە ئەو بڕوایەی کە ئەو پەیوەندییە، پەیوەندییەکی نێگەتیڤە و لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە گەنج ئامادە نییە پەنا بۆ کتێب بەرێت کە بەباشترین هاوڕێی مرۆڤ دانراوە. هەر کەسیش دەیەوێت لەم بۆچوونە دڵنیا بێت، دەتوانێت لە نزیکترین خوێندکاری نزیك بەخۆی بپرسێت تا ئەو راستییە تاڵە بەگوێی ببیستێت. بەداخەوە لەو بارەیەوە ئامارێکمان لە بەردەستدا نییە، بەڵام دڵنیاین ئەگەر بکرێت رەنگە ئاماژەیەکی ترسناکی لێ بەدی بکەین. لەبەرئەوەی کە وتمان پەیوەندیی گەنج بەکتێبەوە نەرێنییە، ئەمە ناچارمان دەکات لە رەگ و ریشەکانی ئەم دۆخە بکۆڵینەوە بەمەبەستی دانانی رێگەچارەی گونجاو. هەرچەند نەخوێندنەوە تەنها گرفتی گەنج نییە هێندەی ئەوەی گرفتی هەموو کۆمەڵگایە و جەخت کردنەوەمان لە توێژی گەنجان لەم بارەیەوە تەنها لەبەرئەوەیە ئەو توێژەن دەتوانن لەرێی کتێبەوە بۆ گۆڕینی واقیعی کۆمەڵگا پشتیان پێ ببەسترێت.

*** لەبارەی کلتوری کتێب و ئینتەرنێتەوە:**

بێگومانە کە پێویستیمان بەهەردووکیان دەبێت و هیچ کەس ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات دەتوانێت دەستبەرداری یەك لەو دووانە بێت، چونکە هەریەکەیان سوودی خۆی هەیە وەك چۆن هەر گوڵێك بۆنی جیاوازی خۆی هەیە، گەرچی ئێمە پێمانوایە جیاوازی روون هەیە لە نێوان کەسێك رۆشنبیری تەنها لە ئینتەرنێت وەربگرێت و کەسێکیش توێشووی رۆشنبیری و مەعریفیی لە کتێبەوە وەربگرێت. راستە ئینتەرنێت زووتر زانیاری بۆ توێژەرو بەکارهێنەر دەستەبەر دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بڵێین باشترین هۆکار نییە بۆ دەستەبەرکردنی بونیادێکی بەتینی رۆشنبیری.

زانراوە کە توێژەر بۆ دەستکەوتنی زانیاریی دیاریکراو لە ئینتەرنێتدا دەگەڕێت، بەڵام ناچار دەبێت لەسەر کاغەز چاپی بکات بۆ خوێندنەوەی ئەگەر بابەتێکی درێژ بێت. بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم خاڵە دەڵێین: ئایا خوێنەر دەتوانێت بەجوانی و تێگەیشتنەوە رۆمانێکی(٥٠٠) لاپەڕەیی لە ئینتەرنێتدا بخوێنێتەوە؟

کەواتە دەتوانین بڵێین ئینتەرنێت ناتوانێت کتێب لە دەستی خوێنەر بسەنێت و هاوکات لەم سەردەمی زانیاری و شۆڕشی مەعریفەیەدا دەستبەرداری ئینتەرنێتیش ببین و پێمان وابێت تەنها کتێب بەس دەبێت. دەتوانین ئەوەیش بڵێین کە ئینتەرنێت یارمەتیدەر بووە لە بەرەودان بەکتێب و نەیتوانیوە جێگەی بگرێتەوە، بەڵکو هەر یەکەیان وەك ململانێی جارانی نێوان رۆژنامەو رادیۆ، سینەماو تەلەفزیۆن، پێگەی خۆیان پاراستووە.

(عەلی حەرب) ی بیرمەند خوێندنەوەیەکی بۆ کتێبی(ئیشکردن بەخێرایی هزر)ی (بێل گەیتس)ی خاوەنی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت کردوەو هاتووەتە ئەو بڕوایەی کە ئەزموونی بێل گەیتس گەواهیدەرە بەوەی کتێب هەرگیز بەهاتنە ئارای ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و کلتوری ئینتەرنێت نامرێت. کەسێکی وەك خاوەنی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت کە خەڵکی بەهۆی داهێنانەکانی ئەوەوە ترسیان لە تیاچوونی کتێب هەبێت پەنا بۆ کتێب ببات بۆ دەربڕینی ئەزموونەکەی و ئاسۆی پرۆژەکانی، ئەمە مانای وایە کتێب نەمرەو کتێبی ئەلیکترۆنی ناتوانێت جێگای بگرێتەوە(بۆ بابەتەکەی عەلی حەرب بڕوانە :گۆڤاری العربی ژمارە ٤٩٥).

***دەرفەتە گەورەکانی بەردەم ئینتەرنێت:**

پێشتر ئاماژەمان بەو دەرفەتانە داوەو لێرەشدا تەئکید لە خێرایی و ئاسانکاریی ئینتەرنێت دەدەینەوە کە خەسڵەتێکی گرنگە بۆ هەرچی زووتر سوودمەند بوون و گەیشتنی خوێنەر بەزۆرترین زانیاری لە زووترین کاتی بڵاوکردنەوەیدا. هەموو ئەو نووسەرانەی بەهۆی دواخستنی چاپکردنی کتێبەکانیانەوە لە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەدا خوێنەرانیان لە کۆمەڵێك زانیاری بێبەری دەبن، دەتوانن بەبڵاوکردنەوەی لە ئینتەرنێتدا هەرچی زووترە ناوەرۆکی کتێبەکانیان بگەێننە خوێنەران. وێڕای ئەوەی هەزاران کتێب بەهۆی ناوەرۆکیانەوە قەدەغە کراون و دەکرێن، لە کاتێکدا ئینتەرنێت ئەو کۆتەی لەسەر نییەو زۆر بەزوویی دەتوانرێت زۆرترین زانیاری بخاتە بەردەستی خوێنەران. بۆیە بوارێکی زۆر فراوانی پێشکەوتن و گەشەسەندنی بۆ مرۆڤایەتی رەخساندووە کە دەبێ لە پێناوی بڵاوکردنەوەی زانست و مەعریفەدا ئەم ئامرازە گرنگە بەگەڕ بخرێت.

*** چۆن هەستی مەعریفەخوازی و خوێندنەوە لای گەنجان گەشەدار بکەین:**

دەتوانین بەرەخساندنی کەش و هەوایەکی یارمەتیدەر بۆ راکێشانی بایەخی گەنجان بۆ سەرچاوەکانی مەعریفە و بەکارهێنانیان ئەو هەستە گەشەپێبدەین. ئەم بەرپرسیارێتییەش دەکەوێتە سەر هەریەك لە: خێزان، خوێندنگا، کۆمەڵگا، میدیاکانی راگەیاندن، دەوڵەت، بۆ نموونە:

– خێزانی خوێنەر لەتوانایدایە منالی خوێنەر بەرهەم بێنێت ئەگەر ژینگەی گونجاو لە نێو خێزاندا برەخسێنێت.

– خوێندنگا دەتوانێت خوێندکارانی هان بدات بۆ بەرەو خوێندنەوە و رۆشنبیر بوون ئەگەر ئیش بەمیتۆدێك بکات خواستی داهێنان و سۆراخ کردنی مەعریفە لای خوێندکار برەو پێبدات. واتە بەم میتۆدانەی ئێستا کە خوێندکار بەلەبەرکردن و لەبیرچوون و تەلقینەوە خەریك دەکات.

– کۆمەڵگەش بەهاوکاریکردنی مادی و مەعنەویی ئەوانەی لە کایەی رۆشنبیریدا ئیش دەکەن.

– میدیاکانی راگەیاندنیش بەلەخۆگرتنی بەرەودەران بەرۆشنبیری و دەوڵەمەندکردنی.

– دەوڵەتیش دەتوانێت ببێتە دایکی رۆشنبیری و سوود گەیاندن، یان نەزانی و زیان گەیاندن و واقیعی گەلانی دنیای سێهەم ببینە و حوکم بەسەر دەوڵەتانیدا بدە.

*** چۆن واقعی خوێندنگاکان لەڕووی رۆشنبیرییەوە وەبەرێنین؟**

خوێندنگا بەگرنگترین پێگەی پێشخستنی لایەنی رۆشنبیری و مەعریفی دادەنرێت بە بەرهەمهێنانی مرۆڤی رۆشنبیرو کارا بۆ ئایندە. بەڵام ئاخۆ خوێندگاکانی ئەم سەردەمەی ئێمە ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆ گرتووە؟

بێگومان دەتوانین بەنەرێ وەڵام بدەینەوەو هەر خودی دەرچووانی پەیمانگاو زانکۆکان گەواهیدەری ئەم وەڵامەن کە بەشێکی زۆریان تا رادەیەکی باش بێتوانان لە بەشداری دیالۆگێکی رۆشنبیری لە پرسە ئاساییەکانیشدا، بۆیە دتوانین بڵێین خوێندنگا لەو بوارەدا کەم و کورتیی هەیە. بۆ وەبەرهێنانی ئەو واقیعەیش دەکرێت چەند پێشنیارێك بخەینەڕوو کە ئیشیان لەسەر بکرێت:

– تەرخانکردنی خەڵات بۆ ئەو خوێندکارانەی زیاترین کتێب لە کتێبخانە دەخوازێت. باشتریش وایە پوختەیەك لە ناوەرۆکی ئەو کتێبانە بنووسنەوە کە دەیخوێننەوە، بەمەبەستی دڵنیا بوون لە ئاستی تێگەیشتنیان و هاوکات بۆ بەهێزکردنی شێوازی نووسینی ئەدەبییان.

– بەستنی کۆڕو سیمینار بۆ خوێندکاران لەو بوارەدا کە خوێندکار خۆی دیاریی دەکات.

– دانانی دیاری و خەڵات بۆ ئەو خوێندکارەی باشترین(وتار، چیرۆك، شیعر، پەخشان، شانۆیی) دەنووسێت لەسەر ئاستی خوێندنگاکەی.

– دەرکردنی بڵاوکراوەی رۆشنبیری و پەروەردەیی و هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتە باشەکان لە رۆژنامەکاندا.

– کارا کردنی کتێبخانەی خوێندنگاو ئاوەدان کردنەوەی بەکتێب و سەرچاوەی باش.

*** خوێندکار لە نێوان مەنهەج و کلتوری کتێبدا:**

کتێبی خوێندنی پەروەردەیی کە بەمەنهەج ناوبراوە، پێکهاتەی سەرەکییە لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی خوێندندا، بگرە تەوەری بەهێزکردنی دەستکەوتی زانستی و مەعریفیی خوێندکارو ئەڵقەی گەیەنەری خوێندکارو مامۆستاو خوێندکارو سەرلەبەری پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنە.

دیارە بەڵگەنەویستە کە ئەو مەنهجەی پشت بەلەبەرکردن بۆ تاقیکردنەوە ببەستێت لە زەیندا نامێنێتەوە، بەپێچەوانەی ئەو زانیارییانەوە کە لەڕێی کتێب خوێندنەوە بەدەست دەهێنرێت. بێهوودەیی ئەو جۆرە مەنهجانەی خوێندن بۆ رۆشنبیرکردنی خوێندکار بەقۆناغە جۆراوجۆرەکانیەوە لە جیهاندا سەلمێنراوە.

کەواتە بۆ بەدیهێنانی مەعریفەو رۆشنبیری دەبێ هەر پەنا بۆ کتێب ببرێت، هەردوو جۆرەکەش تەواوکەری یەکترین.

سەرچاوە/ ماڵپەڕی (بیت الزهرە).



# کتێبخانەی ئەلیکترۆنی و پاراستنی مافی بڵاوکردنەوەو موڵکداری هزریی

و. گولستان سەعید

لەچەند ساڵی رابردوودا زۆرێك لە کتێبخانەی ئەکادیمی و تایبەتەکان لە رۆژئاوا لە هەوڵی گۆڕینی کۆنەکانیان بۆ کتێبخانەی ئەلیکترۆنی.

بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٥ ئەم کتێبخانانە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دەرکەوتن. کتێبخانەی ئەلیکترۆنی شێوازێکی نوێیە لە کتێبخانە، کە پشت بەئامێری تەکنیکی سەردەم دەبەستێ بۆ گۆڕینی زانیاریی و داتا لە شێوازی کاغەزەوە بۆ شێوازی ئەلیکترۆنی، بەو ئامانجەی ئەم کتێبخانانە ئامێری تەکنیکی سەردەم بەگەڕ دەخەن لە پێناوی بەدەستهێنانی زۆرترین چالاکی و لێهاتوویی لە پەسیسەکردنی (تخزین) زانیاری و چارەسەرییەکانی و پاشان بڵاوکردنەوەیان. لە پێناوی بەدیهێنانی گۆڕانکاری بەشێوازێکی دروست لێکۆڵەران دەستیان کرد بەپشکنین و لێکۆڵینەوەی میتۆدو شێوازەکانی جێبەجێکردنی پێویست بۆ زامنی بەڕێوەچوونی تێپەڕاندنی کردارەکانی گۆڕانکاری بەئاسانی لە ناو گشت کتێبخانەو سەنتەری زانیارییەکان، هەروەك تێپەڕاندنی گۆڕانکاری لە پێڕستی کارتەوە بۆ پێڕستە ئەلیکترۆنییەکان.

پسپۆڕان لەبواری کۆمپیوتەردا بڕیاریاندا بەدانانی پرۆگرامی گونجاو بۆ وەرگرتنی پێداویستی کتێبخانە ئەلیکترۆنییەکان.

بەشێوەیەکی گشتی هەوڵدان بۆ گۆڕینی کتێبخانە بەرەو شێوازی ئەلیکترۆنی بۆ دوو ئامانجی سەرەکی بوو ئەوانیش بریتییە لە:

١-پاراستنی سەرچاوەکانی زانیاری لە کتێبخانە بەشێوازی ئەلیکترۆنی.

٢-رەخساندنی دەرفەت بۆ خوێنەران بۆ گەیشتن بەو سەرچاوانەی کتێبخانە، لەهەر کوێیەك بن.

لە راستیدا کارێکی ئاسان نییە بەڵکو کتێبخانەکان رووبەڕووی زۆر کێشە دەبنەوە، کە هەندێکیان پەیوەندی بەکاروباری تەکنیکییەوە هەیەو هەندێکی تریان گرفتی یاساییین.

١-کێشەی دارایی بۆ سەرچاوە زانیارییە ئەلیکترۆنییەکان.

٢-گرانی کڕینی نرخی ئامێرە تەکنیکییە پێویستەکان بۆ گۆڕینی شێوازەکە.

٣-دارشتنەوەی یاسایی گرێبەستەکان کە لەگەڵ دەزگاکانی بەرهەمهێنانی زانیاریی لە کاتی بوونی بنەماکانی داتا (قواعد البیانات) یان سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکانی زانیاری.

٤-پاراستنی مافی بڵاوکردنەوەو موڵکداری هزری.

لێرەدا مەبەستمان پاراستنی مافی بڵاوکەرەوەو موڵکدارێتی بابەتە فیکرییەکانە. لەهەر کوێ پەخشکردنی سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان لە ئامێز بگیرێ لەلایەن هەر ماڵپەڕێکی تۆڕەکانی ئینتەرنێت یان لە تۆڕە ناوخۆییەکان پێویستە کتێبخانە ئاگاداری خواستن و دابینکردنی وەڵامی داخوازییەکان بێت بەزۆری لەبواری لێکۆڵینەوەو توێژینەوە زانستییەکان و تەمەنی یاساییان و ئاگاداری مەرجەکانی بەکارهێنانی سەرچاوە زانیارییە ئەلیکترۆنیکان بێت. لەگەڵ چۆنێتی پاراستنی مافی بڵاوکردنەوەو موڵکداری هزری لەسایەی ژینگە ئەلیکترۆنییەکەدا لەبواری چاپکراوی کاغەزیدا کێشەی یەك دانە کتێبی چاپکراو دەکڕێ و سەر پشکە بەچەندان کەسی دەدات بەپرۆسەی "خواستن" هەموو کەس دەتوانن بۆ چەند جارێك دووبارە بیخوازن.

بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لە خاوەنی بڵاوکەرەوەکە، خوێنەر کتێبەکە دەخوازێ پاش خوێندنەوەی دەیگێڕێتەوە بۆ کتێبخانە، تاکو کتێبخانە لەڕێی خۆیەوە بیدا بەخوێنەرێکی تر بەمەبەستی "خواستن ـ إعارە".

بەڵام لە کتێبخانە ئەلیکترۆنییەکاندا، کارەکە تەواو جیاوازە، لێرە پرۆسەی "خواستن" بوونی نییە.

سوودمەند هەڵدەستێ بەدابەزاندنی سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان لە سایتی کتێبخانەدا، بۆ سەر ئەو تۆڕەی کە خوێنەر خاوەنیەتی و کتێبخانە رێگەی داوە بێ سنوور سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکانی لەلایەن سوودمەندانی دابەزێنن بۆ سەر تۆڕەکانیان.

ئەوانەی بایەخ بەپاراستنی مافی بڵاوکردنەوەو موڵکداری هزری دەدەن، زۆر دەترسن لە سوودمەندان کە کارێکی ناڕەوا بکەن لە ونکردنی زانیارییەکانی دانەر "مؤلف" لە ناو سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکاندا یان بەدانانی ناوێکی تر لەجێی ناوی دانەر یاخود گۆڕینی بەشێك لە ناوەرۆکی بابەتە ئەلیکترۆنییەکە، یان زیادکردن و سڕینەوەی ناوەرۆکەکە بەبێ ئاگاداری و ئارەزووی نووسەرەکەی.

بۆیە دەبینین ناوی نووسەرێك لەسەر بابەتێك یان هزرێك نوسراوە کە جیاوازە لە بیروڕاو قەناعەتی نووسەرەکە.

بابەتە ئەلیکترۆنییەکان بەخۆڕایییە و مافی بڵاوکردنەوەو موڵکداری هزریی ونە. هەروەها پێشبڕکێ لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بەخۆڕایی دەکەن خەسڵەتی هەڵگرتنی بڕێکی بەرچاو لە دۆسیە ئەلیکترۆنییەکان کە دەق و وێنەو مەڵتی میدیاو پرۆگرام بگرێتەخۆ.

لە کتێبخانە ئەلیکترۆنییەکاندا (دانەر) دووچاری سێ جۆر ناکرێ دەبێت:

١-دانەرو بڵاوکەرەوە.
٢-دانەرو خوێنەر
٣-دانەرو یاسا

# کورتکراوەکان = المستخلصات = Abstracts
# ( سەرەتا، پێناسە، کورتەیەکی مێژوویی)

شێرزاد سەعید محەمەد

یەکێك لە جیاکەرەوەکانی سەدەی نوێ، بوونی ئالۆزییەکی زۆرە لە هەموو لایەنەکانی ژیانی ڕۆژانە کە تێیدا دەژین، ئەمەش بووەتە هۆی بیرکردنەوە لەچاکسازی کردن لە هۆکارەکانی گەیاندنی زانیارییەکاندا، بەتایبەتی زانیارییە زانستییەکان، کەبەرهەمی لێکۆڵینەوەی زانستییە، بەمەبەستی گەیاندنی ئەم زانیاریانە بەئاسانترین شێوەو کەمترین ماوە بەدەستی سوودمەندەکان.

سەردەمی ئێستا بەسەردەمی( تەقینەوەی زانیارییەکان )ناسراوە، ئەمەش بەهۆی زۆری و زیادبوونی لە ژمارەی بەڵگەنامە بلاوکراوەکان و بلاونەکراوەکان، ئەمە سەرباری زۆری و جۆراوجۆری لە ژمارەی ئەو زمانانەی کە بەڵگەنامەکانی پێ بلاودەکرێنەوە، کە لەسەردەمی ئێستادا توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو بەڵگەنامەکان بەزیاتر لە (٧٠) زمان بلاودەکرێنەوە. ئەمە سەرباری جۆراوجۆری لە شێوازی ئەوبەڵگەنامانەی کە توێژینەوەکانی پێبلاودەکرێنەوە، لە نێوان سەرچاوەی (چاپ، ئەلەکترۆنی، ڕۆژنامەوگۆڤار، دەستنووس، نەخشە، فلم، ئەلەکترۆنی،....هتد)هەروەها تێکەڵاوبوونی زانیارییەکان. هەروەها ئالۆزی لە پێداویستی‌و داواکارییەکانی سوودمەندەکان.

ئەم هۆکارانە هەموو پێکەوە وادەکات کە خوێنەر هۆکارێکی نوێی هەبێت بۆ بەدەستهێنانەوەی زانیارییەکان، ئالێرەوە گرنگی خزمەتگوزارییەکانی ڕێبەرو کورتکراوەکان دەرکەوتن کە هەروەها پێیدەوترێت خزمەتگوزارییە ناوەندییەکان= الخدمات الثانوية = Second Services .

**کورتکراوەکان، پێناسە:**

زۆر پێناسەی جۆراوجۆر هەیە کە گوزارشت لە کورتکراوەکان بکات، بەڵام ئەم پێناسانە لە ڕووی ناوەڕۆك‌و کورت‌و درێژیانەوە جیاوازن لەیەکتر، بەڵام دەتوانین بڵێین هەموو ئەو پێناسانە چوون یەکن لە ڕووی دەستنیشان کردنی ناسنامەی کورتکراوەکان کە بریتییە لە ( نموونەی کورتکراوەی پوختەی بەڵگەنامەیەك) بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا دەتوانین سیفەتێك یاخود چەند سیفەتێك بۆ پێناسەکە زیاد بکەین بەم جۆرەی خوارەوە:

* بەبێ زیادکردنی ڕوونکردنەوەو ڕەخنە، بەبێ دەستنیشانکردنی نووسەری کورتکراوەکە.

* نموونەی بابەتیانەی بەڵگەنامەیەکە.

* کە بەوشەکانی نووسەرەکە، یاخود شێوازی کورتکراوەکە دەخاتەڕوو.

* بەهەمان شێوازو ڕێکخستنی بەڵگەنامە سەرەکییەکە، کە ڕەخنەگرانە نابێت.

*کە بەزۆری بەدوایدا وەسفێکی بیبلیۆگرافیانە دێت، کە زیاتر دەستەبەری گەیشتن بەبەڵگەنامە سەرەکیەکە دەکات.

ئەگەر سەرنجێکی ئەو خاڵانەی سەرەوە بدەین کە زیاد دەکرێن بۆ پێناسە سەرەکییەکە، دەبینین کە بۆچوونی خاوەن پێناسەکان دەخاتەڕوو( ئەگەر خوودی نووسەرەکە بێت یاخود کەسانێکی تر بن) کە (ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ یەکخستنی پێوەرەکان ISO) داوا دەکات کە لە کاتی کورتکردنەوەی بەڵگەنامەکان پابەندبن پێوەی لە ڕووی زیاد نەکردنی زانیاری بۆ بەڵگەنامەکان لە کاتی کورتکردنەوەیان، وەك ڕەخنە لە بابەتەکان یاخود ڕوونکردنەوە..هتد.

لەو زانیارییانەی سەرەوە دەتوانین بەم شێوازە پێناسەی کورتکراوەکان بکەین:

(بریتییە لە نموونەیەکی کورت‌و وردو پوختی بابەتیانەی ناوەڕۆکی بەڵگەنامەیەك، کە وەسفێکی بیبلیۆگرافیانەی بەدوادادێت، کە بەهۆیەوە ئاسانکاری دەکات بۆ گەیشتن بە بەڵگەنامە سەرەکییەکە).

پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە تێکەڵی نەکرێت لە نێوان زاراوەی "کورتکراوە"و زاراوەکانی تر کە پەیوەستە بەم بابەتانە وەك"پەراوێز، کورتە".

زاراوەی پەراوێز= Annotation مانای ڕوونکردنەوەیەکی کورتی ناوەڕۆکی بەڵگەنامەیەکە لە دێڕێك یاخود دوو دێڕ.

زاراوەی کورتە= Extract بریتییە لە بەشێك لە بەڵگەنامەیەك یاخود زیاتر، کە هەڵبژێردراوە وەك نموونەیەکی بەڵگەنامەکان.

زاراوەی کورتکراوەکان Summary بریتییە لە کورتەی بەڵگەنامەیەك کە لە کۆتایی بەڵگەنامەکەدا دەخرێتەڕوو، واتە ئامانجە سەرەکییەکانی بەڵگەنامەکە دەخاتەڕوو.

**کاری کورتکردنەوە = الاستخلاص :**

کاری کورتکردنەوە بریتییە لە کاری ئامادەکردنی کورتکراوەکان، یاخود هونەری دەرهێنانی زۆرترین ڕێژەی زانیارییەکان لە بەڵگەنامەیەکی دیاریکراو و دەربڕینی بەکەمترین وشە.

کاری کورتکردنەوە تەنها ئەوەندەنییە کە ناوەڕۆکی بەڵگەنامەیەك کورت بکەیتەوە، بەڵکو هونەرێکە، پشت بەتواناو زانایی‌و لێهاتوویی ئەو کەسە دەبەستێت کە کورتکراوەکە دروست دەکات. بەئامانجی بەدەستخستنی بەرهەمێك کە زانیاری چڕوپڕ بدات بەدەستەوە بەشێوەیەکی چڕوپڕو ڕوون.

پێویستە لە دروستکردنی کورتکراوەکان وەك هونەرێك، کۆمەڵێك سیفەتی تێدا بێت، وەك:_

خوێندنەوەی چڕوپڕ، لێهاتووی لە بیرکردنەوە، سەرلەنوێ دارشتنەوەو دەربڕین.

*کورتکردنەوە بەوە جیادەکرێتەوە لە پۆلێن‌و ڕێبەر، کە کورتکراوەکان هەندێك لە زانیارییە سەرەتاییەکان دەخەنەڕوو کە پەیوەندییان بەناوەڕۆکی بەڵگەنامەکانەوە هەیە، کە هەندێکجار وەك جێگرەوەیەکی بەڵگەنامە سەرەکییەکە کاری پێدەکرێت، بەڵام لە ڕووی قەبارەوە کورتکراوەکان بچووکترن لە بەڵگەنامە سەرەکییەکە، بەڵام لە سیستمی ڕێبەرو پۆلێنکردندا، تەنها دەستنیشانی زانیارییەکان‌و شوێنەکانی زانیارییەکان دەکەین، کە لێرەدا پێویستە خوێنەران دەقی بەڵگەنامەکان ببینن.

**گۆڤارەکانی تایبەت بەکورتکراوەکان**

گۆڤارەکانی تایبەت بەکورتکراوەکان بریتین لەو گۆڤارانەی کە تایبەتن بەبلاوکردنەوەی کورتکراوەی بەڵگەنامەکان، بەتایبەتی کورتکراوەی ئەو وتارو توێژینەوانەی کە لە گۆڤارە تایبەتمەندو ئەکادیمیەکاندا بلاودەکرێنەوە. کە لەگەڵ کورتکراوەی دەقەکاندا زانیاری بیبلیۆگرافی دەخاتەڕوو و زۆرکات ئەو زانیارییانە پۆلێنکراون.

وەك ئاماژەمان پێدا گۆڤارەکانی تایبەت بەکورتکراوەکان تایبەتن بەزانستێکی دیاریکراو یاخود چەند زانستێکی لێك نزیك، کە بەشێوەی چاپ بلاودەکرێتەوە یاخود لەسەر هێڵەکانی ڕاستەوخۆی ئینتەرنێت، بۆ ئەو کەسانەی کە بەشدارییان هەیە یاخود بەرامبەر بڕێکی کەم بەپارە بەشدار دەبن.

زۆرجار بەرامبەر وشەی گۆرڤای تایبەت بەکورتکراوەکان ئەم زاراوانەش بەکاردەهێنرێت،

Access publication ،abstracting service .

**خزمەتگوزاریی کورتکراوەکان :**

ئەکرێت ئەم زاراوەیە بەرامبەر بەدەستەیەك یاخود ڕێکخراوێك بێت، کە هەڵدەستێت بەکاری ئامادەکردنی کورتکراوەکان، هەندێك جاریش بەرامبەری خودی کرداری کورتکردنەوەکە دێت، واتە ئامادەکردنی کورتکراوەکان، کە بەشێوەیەکی بەردەوام لە بوارێکی تایبەتمەنددا دەبێت، کە لە ڕێگای بەشداریکردنەوە دەگاتە دەستی سوودمەندەکان.

**بەڵگەنامە =الوثيقة= Document**

کۆمەڵێك زانیاری کە بەشێوەی چاپکراو بێت وەك (کتێب،گۆڤار...هتد) یاخود لەسەر سیدی یاخود لەسەر هێڵە ڕاستەوخۆکانی ئینتەرنێت، کە بگونجێت‌و دەست بدات بۆ کورتکردنەوە. ئەمەش هەموو جۆرەکانی سەرچاوەی دەنگی‌و ڕەنگی دەگرێتەوە وەك (تۆمارکراوە دەنگی‌و ڕەنگییەکان).

**کورتەیەکی مێژوویی لەسەر کورتکراوەکان :**

کێشەی گرنگیدانی توێژەران بەو سەرچاوانەی کە لە بواری تایبەتمەندی خۆیاندایە تەنها کێشەی ئەمڕۆی توێژەران‌و ئەم سەدەیە نییە، بەڵکو ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی نووسین، واتە لەسەرەتای نووسین لەسەر بەردو ئێسقان‌و قوڕی سوورەوەکراو، چونکە مرۆڤ لە هەموو سەردەم‌و شوێنێکدا کاتی پێویستیان نییە بۆ خوێندنەوە، یاخود بەشێوەیەکی تر دەستەوەستانن لەبەردەم سوودوەرگرتن لە کات، هەروەها ناتوانن هەموو ئەو بابەتانەی کەدەنووسرێت‌و بلاودەکرێتەوە، بخوێنەوە، ئەمەش مانای وایە کە مێژووی کورتکراوەو پوختەکراوەکان مێژوویەکی کۆنە دەگەڕێتەوە بۆ سەدە کۆنەکان، کاتێك نووسین لەسەر تاتەقوڕینەکان بووە، کە ئەوکات پیشەیەك هەبووە هاوشێوەی پیشەی کورتکراوەکان، کە ئەوکات تاتەقوڕینەکان دادەپۆشران بۆ پارێزگاری کردنیان لە گەرماو شکاندن، بۆیە کورتەی زانیارییەکانی سەر تاتەقورەکە لەسەر بەرگی تاتەقورەکە دەنووسرا.

هەروەها لەسەردەمی کتێبخانەی (ئەسکەندەریە)ش، زاناکان ئاستەنگێکی زۆریان دەهاتەڕێ کاتێك دەیانویست زانیارییەکانی سەر پێچراوەکانی(بردی) بخوێننەوە. بۆیە کارە زۆر گەورەکان کورتکراوەیان بۆ دروست دەکرا، لەسەر یەکێك لە چیرۆکە کۆنەکانی ئەو سەردەمە شێوازێکی کورتکراوە دۆزراوەتەوە کە بە(کورتکراوەی ڕەخنەی) دەناسرێت.

هەروەها لەسەردەمی کۆندا چەکی فرۆشتن پەیوەست نامەکان کورت دەکرانەوە، بەڵام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە ڕاهیبەکان هەڵدەستان بەنووسینەوەی دەستنووسەکان، هەروەها هەڵدەستان بەکاری کورتکردنەوەی دەقەکان لە پەراوێزەکانی لاپەڕەکاندا، ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە زۆربەی پاشاکانی سەردەمی کۆن خوێندەوار نەبوون‌و ڕاپۆرتەکان کە دەچووە بەردەستیان زۆر درێژبوون، بۆیە یەکەم جار بەبەردەم سکرتێری پاشادا دەڕۆیشت بەمەبەستی کورتکردنەوەی‌و پوختەکردنی دواتریش خوێندنەوەی بۆ پاشا. هەروەها کورتەی ڕووداوەکانی ڕۆژ دەنووسرانەوەو بۆ پاشاکان دەخوێندرانەوە، تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان ئەم کارە بەردەوامە کە سەرۆك‌و پاشاکان کورتەی ڕووداوە گرنگەکانی ڕۆژیان پێدەگات.

لەلایەکی ترەوە زاناکان لەسەدەی حەڤدەی زایینی، کاتێك کە لە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەکانیان تەواو دەبوون، چەند دانەیەکیان لە لێکۆڵینەوەکانیان بەتەواوی دەنارد بۆ هاوڕێکانیان، بەڵام بۆ هاوڕێکانی تری تەنها کورتکراوەکانیان بۆ دەناردن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی بەربڵاو بڵاوببێتەوەو زۆرترین ژمارەی زاناکان سوودیان لێ ببینن، لەو سەردەمەدا کورتکراوەکان وەك(سیستمێکی گەیاندنی تایبەت)بووە، لەتوێژەرێك بۆ توێژەرێکی تر، لە باڵیۆزێك بۆ پاشاکەی یاخود سەرۆکی وڵات....بەو شێوەیە.

بەکارهێنانی کورتکراوەکان گەشەی کرد لە تەنها سیستمێکی گەیاندنی تایبەت بۆ (سیستمێکی گشتی بۆ بلاوکردنەوەو گەیاندنی زانیارییەکان) ، ئەمەش کاتێك بوو کە (ئەکادیمیای فەڕەنسی بۆزانست) دامەزرا لە سەدەی حەڤدەهەم، ئەو ئەکادیمیایە کۆمەڵێك زانای گرتەخۆ، کە کۆدەبوونەوە بۆ لێدوان لەسەر ئەو بابەتانەی کە جێگای گرنگی پێدانیان بوو، هەروەها گفتوگۆکردن لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان‌و لەبەرهەمی ئەم ئەکادیمیایە بلاوکردنەوەی یەکەم گۆڤاری تایبەت بەکورتکراوەکان بوو لە پاریس لەساڵی(١٦٦٥) بەناونیشانی ( Le.journal des scavans ).

لەپێشەکی ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەدا هاتووە کە گرنگی دەدات بەگەیاندن‌و ناساندنی نوێترین‌و گرنگترین زانیاری بەدەستی خوێنەران، هەروەها هەڵسەنگاندن‌و خوێندنەوەو ڕەخنە لە کتێبە چاپکراوەکان، هەروەها باسکردنی بابەتە فەلسەفییەکان‌و کارەکانی نووسەرە کۆچکردووەکان‌و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی کورت دەربارەی ڕووداوەکان لە بواری سروشت‌و کیمیاو زانستەکانی تر، هەروەها نووسینی ڕاپۆرت دەربارەی نوێترین هەواڵە ئەکادیمییەکان.

ئەو کورتکراوانەی کە لەم جۆرە گۆڤارەدا بلاودەکرایەوە لە (جۆری ڕەخنەیی) بوو، ئەم گۆڤارە تاوەکو ئێستا بەردەوامە لە دەرچوون، بەڵام ئێستا تایبەت نییە بەکورتکراوەکان بەڵکو گۆڤارێکی زانستییە تایبەت بەبلاوکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی بۆ یەکەمین جار بلاودەکرێنەوە.

لەگەڵ دەسپێکی سەدەی هەژدەهەمی زایینی، گۆڤارەکانی تایبەت بە کورتکراوەکان بلاوبوونەوە، بەتایبەتی لە(ئەڵمانیا، ئینگلتەرا، فەڕەنسا، ئەمەریکا)، کە دەتوانین بڵێین گۆڤاری Le journal des Scavans تۆوی یەکەمی ئەم گۆڤارانە بوو. لە ئەڵمانیا یەکەم گۆڤاری تایبەت بەکورتکراوەکان دەرچوو ساڵی ١٧٠٣ بەناونیشانی ( Montatsextracte)، دواتر چەند گۆڤارێکی تر لەو بوارەدا دەرچوون.

هەروەها لە ئینگلتەرا یەکەم گۆڤاری تایبەت بەکورتکراوەکان دەرچوو لە ساڵی ١٧٤٧ بەناونیشانی Universal magazine of ((knowledge and pleasure)) کە لە لەندەن لە نێوان ساڵانی (١٧٤٧–١٨١٥) بلاوکراوەتەوە، دواتر چەندەها گۆڤاری تری تایبەتی بەدواداهات.

جێگای ئاماژە بۆکردنە کە لەسەدەی هەژدەهەمدا ئەوروپا بریتی بووە لە کۆمەڵێك ناوچە کە هۆکارەکانی گەیاندن تێدا زۆر ئەستەم بووە، و زاناکان پێویستیان بەزانینی زانیارییەکان‌و گۆڕانکارییەکان بووە لە وڵاتانی چواردەوریان، گۆڤاری تایبەت بەکورتکراوەکان لەو سەردەمەدا بەمکارە هەڵدەستا، کە وەك هۆکارێکی پێکەوەبەستنی زاناکان بووە لەسەرتاسەری ئەوروپادا.

لەکاتێکدا کە سەدەی هەژدەهەم بەسەرەتای دەرکەوتنی گۆڤاری تایبەت بەکورتکراوەکان دادەنرێت کە سیمایەکی جیهانی پێوە دیاربووە. بەڵام سەدەی نۆزدەهەم بەسەرەتای بلاوکردنەوەی (گۆڤاری کورتکراوەی تایبەتمەند) دادەنرێت، و گۆڤاری ( Chemical Abstracts ) بەسەرەتای دەرچووی ئەو جۆرە گۆڤارانە دادەنرێت‌و ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ دەرکەوتنی چەندەها گۆڤاری تری تایبەت بەکورتکراوە تایبەتمەندەکان لە زۆربەی وڵاتانی جیهان وەك (ئینگلتەرا، فەڕەنسا، ئەمەریکا، ئەڵمانیا).

بەڵام سەدەی بیستەم... بەلای زیادبوون لە ژمارەی خزمەتگوزارییەکانی (ڕێبەرو کورتکراوەکان) لایدا، زیاتر چوونە ناو تایبەتمەندییەوە، ئێستا بەهەزارەها جۆر خزمەتگوزاریی ڕێبەرو کورتکراوەکان هەیە لەسەرئاستی جیهان، دواتریش دەرکەوتنی چەندەها ڕێبەر بۆ چۆنیەتی کۆکردنەوەو ڕێنمایکردنی توێژەران بۆ ئەو گۆڤارانەی لەبوارە جیاجیاکاندا هەیە لەسەر ئاستی جیهان لەبواری کورتکراوەکاندا.

ئەو ڕێبەرانەش بەشێوەی چاپکراو بێت یاخود بەشێوەی ئەلکترۆنی، زۆر لە خزمەتگوزارییەکانی ڕێبەرو کورتکراوەکان لەمڕۆماندا کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن بۆ تۆمارکردن‌و گەڕان بەدوای زانیارییەکاندا، چونکە بەبێ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لەم بوارەدا تەنها دەتوانین گۆڤارەکان بلاوبکەینەوە، ناتوانرێت خزمەتگوزاریی تر پێشکەش بکەین( وەك خزمەتگوزاریی گەیاندنی زانیاری ڕاستەوخۆ، ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیای تایبەتمەند،...هتد).

ئێستاش ئێمە لەسەرەتای سەدەی( بیست‌و یەك) داین، کە خزمەتگوزارییەکانی ڕێبەرو کورتکراوەکان ئامادەکراوە لەسەر هێڵەکانی ئینتەرنێت، کە سوودمەندەکان دەتوانن ڕاستەوخۆ سوود لەم خزمەتگوزاریانە وەربگرن لە ڕێگای Site .

**سەرچاوەکان :**

١– ابو الفتوح عودة . اساليب الاستخلاص . مجلة المكتبات و المعلومات العربية .– س٦ ، ع١ (اذار ١٩٨٦).– ص ٩٨ – ١٠٢ .

٢– انور عمر . المستخلصات . في كتابه : مصادر المعلومات في المكتبات .– القاهرة : المكتبة الاكاديمية ، ١٩٩٠ . ص ١٦٠ .

٣– محمد فتحي عبد الهادي و يسرية محمد عبد الحليم زايد . التكشيف و الاستخلاص .– ط٣.– القاهرة :دار المصرية العربية، ٢٠٠٥.ص ١٣١ – ١٣٨ .

# ڕۆڵی پسپۆڕی کتێبخانە لە پەرەپێدانی هۆشیاریی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگادا لەڕێی کتێبخانە گشتییەکانەوە

(١-٢)

ئا. یاسین قادر بەرزنجی

*ئــــەم توێژینەوەیــــە وەك بەرنامــەی کــار لــە(کــۆنگرەی یەکێتی عـەرەبیی بۆ کتێبخانـەو زانیارییەکان) پێشکەشکراوە، کە لە کتێبخانەی ئەسکەندەرییە لـە دیسەمبەری ٢٠٠٤ دا بەستراوە.*

**پێشەکی**

مێــژووی پیــشەی پــسپۆڕی کتێبخانــە(Librarian)لــەدایك بــووی ئــەم ســەردەمە نییــە، هــەروەها ســەدەی رابــردووش، بــەڵکو بەیــەکێك لەپیــشە بەراییــەکانی مێــژوو دادەنرێــت، چونکە(توت) نموونەی یەکـەمینی ئەمینــدارانی کتێبخانەیــە لــە میــسری کۆنــداو هاوسەرەکەشی(حاتور) یەکـەمین ئەمینـداری کتێبخانـە بـووە لـەو کاتــــەدا، هەربۆیــــە لــەرووی(مــەجاز)ەوە نــاونراون (خواوەنــدی هــزر)و لەگــەڵ تێپەڕینی ڕۆژگارەکاندا بە نموونە لــەلای ســەرجەم کارمەنــدانی کتێبخانــــە میــــسرییەکان ماونەتەوە(١).

ئێــستایش، ڕۆڵــی پــسپۆڕی کتێبخانــە کــاراو کاریگــەرە، چ لەتوێژینـــەوەی زانـــستییداو چ لــەبوارەکانی مەعریفــەدا، لەگــەڵ ئــەو ڕۆڵەیدا کـە خزمــەتگوزاریی پێــشکەوتووە بــۆ ســەردەمی تەکنەلۆژیای نوێ.

پێویستمان بەوەیە بەباشی لە ڕۆڵی پسپۆڕی ئـەم بـوارە بگـەین لــە جیهانێکــدا کــەوا شۆڕشــێکی فراوانی زانیارییەکانی لە سەرجەم بەشــەکانی مەعریفــەی مرۆییــدا تیــادا بــەرپابووە. ئەمــە وێــڕای بوونی ڕووبەڕوو بوونـەوەی نـوێ لەبواری کتێبخانەو زانیارییەکاندا، کـە پێویـست دەکـات پـسپۆڕی کتێبخانــە لــە توانایــدا بــێ ئــەو ئەرکە بهێنێتە دیو بەشێوەیەك بێــت باشــترین خزمــەتگوزاریی زانیارییـــــەکان پێـــــشکەش بەسوودمەندانی کتێبخانە بکرێت، تــاوەکو ببێتــە مایــەی هاوکــاریی توێژینــــەوە زانــــستییەکان‌و زیادبوونی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگا.

بەتایبــەت ڕۆڵــی کتێبخانــەی گــشتی ڕۆڵێکــی گرنگــە لــە گەشەپێدانی ڕۆشنبیریدا، چونکە کتێبــی بــاش پوختــەی هــزری مرۆیی سوودبەخشەو کاریگـەریی هەیــە لەســەر بیرکردنــەوەی خوێنەرو هەڵسوکەوتی(٢).

**چەند پرسیارێك..**

کاتێك رونـاکی دەخەینـە سـەر ئــەم باســە، کــە بایەخدانــە بــە زانستی کتێبخانەو زانیارییەکان‌و ڕۆڵــی پــسپۆڕی کتێبخانــەکان تیایانـدا، بەتایبـەت لـە کتێبخانـە گـشتییەکاندا، چـەند پرسـیارێك دێنە پێشێ:

* ئەو مۆراڵانە چین کە دەبێت لە پسپۆڕی کتێبخانەکاندا هەبن؟

* ڕۆڵــی پــسپۆڕی کتێبخانــە چییە لـە پەرەپێدانی هۆشیاریی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگادا؟

*پسپۆڕی کتێبخانـەکان چـۆن خزمـــەتگوزاریی زانیارییـــەکان دەخەنە خزمەتی کۆمەڵگاوە؟

* چـەندە پـسپۆڕی کتێبخانـە شــارەزایە لــە خزمــەتگوزاریی زانیارییـــــەکان لـــــەڕێی ئینتەرنێتەوە؟

**چەند زاراوەیەك..**

**کتێبخانەی گشتی:**
Public library

هـــــەر کتێبخانەیـــــەك خزمـــەتگوزاریی کتێبخانـــەیی گشتی بێ بەرامبەر لە گـەڕەکێك، یـــان ناوچـــەیەکی دیـــاریکراودا پێشکەش بکات، هەڵبەت ئەوەش بەکۆمـەکی دارایـی گـشتی، یـان تایبــەت دێتــە دیو خزمــەتی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە دەکات کە کتێبخانەکەی تێدایە.

**پسپۆڕی کتێبخانە:** Librarin

ئەو کەسـەیە کـە بەرپرسـیاری کتێبخانـــــەو سەرچـــــاوەو کەرەستەکانی لەئەستۆ دەگرێت، هەرچـــۆن چـــاپکراوەکان هەڵدەبــژێرێت‌و خزکــەتگوزاریی زانیارییـــــەکان پێـــــشکەشی سوودمەندان دەکات.

**خزمەتگوزاریی زانیارییەکان:**
Information Services

خزمەتگوزارییەکە کە کتێبخانە دەسـتەبەری دەکـات‌و ئامـانجی ســـەرنج راکێـــشانە بـــۆ ئـــەو زانیارییانە کە لەکتێبخانەدا هەن، ئـەویش لـەڕێی لیـستی بەرهەمـە هزرییەکان‌و سەرچاوەکانەوە.

**ئینتەرنێت** The internet

تـــۆڕی ئاڵوگۆڕکردنـــەو لـــە دوو تـــۆڕ یـــان کۆمـــەڵێك پێکـدێت کـــە بەسـتراون بـە یـەکترەوەو لـەڕێی کۆمـەڵێك ئـامێرەوە بەشـێوەیەك کاردەکـەن کـە وەکـو یـەك تـۆڕ وابن.

**ڕۆشنبیری** Culture

بەشێوەیەکی گـشتی، میتـۆدی ژیانە لـە هـەر کۆمەڵگایەکـدا، کـە تیایـــدا بیرکردنـــەوەو ئاڕاســـتەو داب‌و نـــــەریت‌و هەڵـــــسوکەوت دەردەکەون.

لـەم توێژینەوەیـەدا، پـشت بـە دوو کەرەستەو لایەن دەبەستێت، ئەوانیش:

– بـــەکارهێنانی لیـــستی سەرچاوەکان.

– ســـەرنجی راســـتەوخۆ لەپیشەی پسپۆڕی کتێبخانەکان.

**پسپۆڕی کتێبخانەو زانیارییەکان‌و بایەخ‌و ڕۆڵی لەم سەردەمەدا**

زاراوەی (ئەمینداری کتێبخانە) بـــەواتای ئـــەو کەســـە دێـت کـــە بەرپرســـە لـــەتۆمارەکانی کتێبخانـــە، بەواتایـــەکی تـــر بەرپرســـی خزمـــەتگوزاریی کتێبخانەو زانیارییە زانستییەکانە بەپلـەی یەکـەم لەسەرچاوەکانی زانیاریـدا، لـەم سـەردەمەدا کـە گەشەی بەرچاو بەسـەر شۆڕشـی زانیارییەکاندا هاتووە، کتێبخانەو سـەنتەری زانیارییـەکان بوونەتـە دامـەزراوی زانـستیی ئـەوتۆ کـە شـێوەی زۆر لـــە سەرچـــاوەی زانیارییـــەکان لـــەخۆ دەگـــرن، وەکو(کتێب، خولاوەکان، فیلم‌و سیدی‌و..تاد).

لەسەردەمانی کۆن‌و ناوەنـددا کەسێك بەرپرسیاریی کتێبخانـەی پێدرابێت، زانا یان توێژەر یاخود رونـاکبیرێ بـووە کـە شـارەزایی هەبووبێت دەربارەی کتێب، بەڵام لەگەڵ گەشـەکردنی کتێبخانـەداو دیـــــاریکردنی ئەرکـــــەکانی لەسەردەمی نوێدا وای خواستووە کە ئەو کەسە جۆرێکی تر بووبێت کە شارەزایی تـەواوی هـەبووبێت لـــە کـــارکردن لەگـــەڵ کتێـــب‌و کتێبخانـــــەدا، دوای ئـــــەوەش قۆناغێکی تـر هاتۆتـە ئـارا، کـەوا قۆنــاغی ئامــادەکردنی کــادیری ئەکادیمییــــــە، ئــــــەویش دوای ئامادەسازیی گشتیی بۆ تایبـەت‌و جـۆری، کـە لـەکاری دەسـتەوە وەرچەرخاوە بۆ کارکردن لەسـەر نـــوێترین کەرەســـتەو ئـــامێرە تەکنەلۆجییەکان(٣).

چـەمکی کتێبخانـەکان بـەپێی نـــاوەڕۆکی زانـــستی‌و تیۆرییـــان گۆڕانی بەسەردا هـاتووەو لەگـەڵ گەشـــــەکردنی کتێبخانـــــە تایبەتمەندەکانــداو جــەختیان لەســــــەر خزمــــــەتگوزاریی زانیارییـــــەکان‌و میتـــــۆدە هونەرییەکان کردوەتەوە، هەندێك گەشـەکردنی کتێبخانـە بـەهۆی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان‌و ئەرکـە نوێیــەکان دەکەنــە بناغــە بــۆ رەگــەزەکانی تیــۆری نــوێ بــۆ کتێبخانــەکان، یــان بنــچینەی ئەکادیمی‌و تەکنەلۆجی بۆیان‌و بۆ زانــستی زانیارییــەکان‌و لــەوێوە پــسپۆڕی بــواری زانیارییــەکان‌و شـــــارەزای تەکنـــــەلۆجیای زانیارییــەکان بوونەتــە نــاوی هاوچـەرخ بـۆ گوزارشـت لەدیدو روانگە نوێیەکان(٤).

**ڕاهێنانی پسپۆڕی کتێبخانەو زانیارییەکان..میسر بە نموونە**

لـە میـسردا، ئێـستا ١٤ بەشـی ئـەکادیمی بـۆ خوێنـدنی زانـستی کتێبخانـــــەو دوکیۆمێنـــــت‌و زانیارییـەکان هەیـە، لـەو وڵاتـەدا لەساڵی ١٩٥١دا خوێندنی زانستی کتێبخانـەکان دەسـتی پێکـردوە، ئەویش دوای دامەزرانـدنی بەشـی کتێبخانەو دۆکۆمێنت لـە زانکـۆی قــاهیرە لـــە ١٩٥٤دا بووەتـــە بەشـێکی کـۆلێجی ئـەدەبیات‌و بـەوەش بووەتـە یەکـەم بەشـی زانـستی بـۆ خوێنـدنی زانـستی کتێبخانــەکان لــە نیــشتمانی عەرەبیدا. هەرچۆن ساڵی ١٩٨٢ بەشێك بۆ هەمان بوار لە زانکـۆی ئەسـکەندەرییە دامـەزرێنراوە، دواتـــریش چـــەندین بەشـــی کتێبخانـــەکان لـــە زانکـــۆ فەرمییەکانی میسردا دامـەزراوەو تەنانەت بەشێکیشی لـە زانکـۆی تایبـەتی ٦ی ئۆکتۆبـەر بـۆ ئـەو مەبەستە دامەزرێنراوە.

لێـرەدا ئامـاژە بـۆ پرۆگرامـی بەشـی کتێبخانـەکانی زانکـۆی قاهیرە دەکەین کە بریتییە لـەم وانانــە(مێــژووی کتێــب‌و کتێبخانـــەکان، میتـــۆدی توێژینــەوەی زانــستی، زانــستی ئەرشیف، دەروازەیەك بۆ زانستی زانیارییـەکان، سـەرەتایەك بـۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانستی دۆکیۆمێنـــت، ژێـــدەرە گشتییەکانی، پێڕستی وەسفی، پەرەپێـــدانی سەرچـــاوەکان، کەرەستەکانی بیستن‌و بینین، بنــەماکانی کۆمپیوتــەر، پێڕسـتی بابــەتی، دەستنووسـی عــەرەبی، زانـــستی زمـــان بەگـــشتی، سەرچاوەکانی کەلەپور، زانـستی بـــەراوردکاری کتێبخانـــەکان، سستمی گێڕانەوەی زانیارییەکان، وەسفی بیبلیۆگرافیی کتێبخانـەی منـــــدالان، ڕێبـــــەرو کورتکراوەکان‌و..تاد).

**مۆراڵی پسپۆڕی زانیارییەکان**

مەبەسـت لـە مـۆراڵی پیـشەی پـــسپۆڕانی کتێبخانـــــەو زانیارییـەکان بـە تـەنیا پرۆسـەی جوانکردنی وێنەی پیشەکە، یـان کارمەنـــدانی کتێبخانـــە نییـــە لەبەرچـــاوی خـــەڵك، بـــەڵکو هێنانەکایەی چوارچێوەیەکە کـە تیایـدا پـسپۆڕان بەرپرسـیارییان بەرامبــەر پیــشەکەو کۆمــەڵگا دەربکەوێت.

گــرنگترین خەسـڵەت کـە لـە کارمەنـدانی ئـەم دامەزراوانـەدا هەبن بریتین لە:

**یەکــەم: ئــەو بنەمایانــەی پەیوەستن بە ڕێزگرتن لە سیستم:**

١– بەدواداچــوون‌و رەخنــە لـــەخۆگرتن‌و هەڵـــسەنگاندن بەگیانی لێبوردەییەوە.

٢– ڕێزگــرتن لەهــەر کارێــك بەرپرس دیاری بکات.

٣– ڕێـزی هـەر سیـستمێك کـە لەدامەزراوەکەدا پەیڕەو بکرێت.

٤– بەویژدانی لە کارکردندا.

**دووەم: بنـەماکانی کـارکردن لەگەڵ هاوڕێیانی کاردا:**

١– هەڵـــسوکەوت لەبـــەر ڕۆشـنایی بنـەما ڕەوشـتییەکان‌و ڕێزگرتن‌و بریندارنەکردن.

٢– ئامۆژگـاری‌و ڕێنمـایی بـۆ هەرکەسێك پێویستی پێی بێت.

٣– لە گفتوگۆدا پـەیڕەوکردنی لۆژیـــك‌و دوورکەوتنـــەوە لەلایەنداریی.

٤– پەسـەندکردنی کێبڕکێـی خاوێن، دوور لەئیرەیی‌و بوغز.

**سێیەم: بنەماکانی هەڵسوکەوت لەگەڵ هامشۆکەرو سوودمەنداندا:**

کـە بـریتین لـە: پاراسـتنی هێمنی، راستگۆیی‌و دەستپاکی، لە خۆبردوویی‌و دوورکەوتنەوە لە خۆبـەزلزانین، پرسـینەوە لــە پێویستیەکانیان، وەڵامدانـەوەی پرسیارو سۆراغیان.

**چوارەم: هێنانەدیی پیشەیی:**

١– ڕێزگـرتن لـە پـسپۆڕی‌و پیشەکە.

٢– قاڵبوون لە کاردا.

٣– ســـوووربوون لەســـەر فێربوون.

٤– دەستپێـــشخەریی بـــۆ گەشەدانی پیشەکە.

٥– پاراستنی تایبەتمەندیی.

٦–پاراستنی مافی موڵکداریی نووسەران.

ئەوانـەش هـەموویان بـەهۆی پـەیڕەوکردنی مـۆراڵی پیـشەیی دێنەدیی کە لەسێ ئاڕاستەوە خۆ دەنـوێنن(پێکهاتـەی کەسـیی کارمەنـد، ئـەو ژینگەیـەی تیایـدا کار دەکات، لەگەڵ یاساو ڕێسای پیشەیی کتێبخانەیی)(٥).

**چوارەم: خولەکانی ڕاهێنان بـۆ پسپۆڕانی زانیارییەکان:**

گەشـــەپێدانی پیـــشەیی کارمەنـدان لـەپێناوی زیـادبوونی زانیارییاندایە بۆ بایەخدانی زیاتر بە کارەکەیان‌و نواندنی چالاکیی ئەوتۆ کـە ببێتـە مایـەی گۆڕان‌و تازەگەری‌و داهێنان.

ئـەویش سـوود وەرگـرتن لـە ڕێبازو میتۆدە زانستیە نوێیـەکان بـۆ بوارەکـەیان، ئەوانـە لـەڕێی بەشـــداریکردنیان لەخولـــە پـــسپۆڕییەکاندا دێنـــە دی کـــە بـــەهۆی زانـــستی نـــوێ‌و سەرچـــاوەکانی ئینتەرنێتـــەوە ئامـادە دەکـرێن، بـەو پێیـەی بـواری زانیـاری‌و کتێبخانـەکان فراوانن‌و لەگەڵ تەکنـەلۆجیادا لـە ڕەوتـــدان، هەرچـــۆن بوارەکـــە بەتیژڕەوی گۆڕانی بەسەردا دێت.

کارمەنـــدی کتێبخانـــە بـــە ئامـــادەبوونی لـــەو خولانـــەو کۆنفرانـسەکاندا فێـری زانیـاریی نوێ دەبێت، هەرچۆن ئاڵوگۆڕی زانیـاریی لـەنێوان کتێبخانەکانـدا سەرچـاوەیەکی بـەپێزە بـۆ وەرگرتنی زیاتر.

**سەرچاوەکان:**

١– شـعبان عبـدالعزیز خلیفـە، الکتب والمکتبات العصور القدیمة، القاهرة، ١٩٩٦.

٢– ســهیر احمـــد محفـــوظ، تکنلوجیـا المعلومـات ومکتبـات الأطفال علـی مـشارف القـرن ٢١، القاهرة، ٢٠٠١.

٣– محمـد فتحـي عبـدالهادی، المکتبات والمعلومات العربیة بـین الواقـع والمـستقبل، القـاهرة، ١٩٩٨.

٤– احمد بدر، اساسیات في علم المعلومـات والمکتبـات، الریـاض، ١٩٩٦.

٥– محمـد فتحـي عبـدالهادی، المعلومات وتکنلوجیا المعلومـات علی اعتاب قـرن جدیـد، القاهرة، ٢٠٠٠.





# ASOY KTEBKHANA

Sulaymania Public Central Library NO. 19 – 13/4/2011


## لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی
## ئامادەیی بێخاڵو پرۆسەی خوێندنەوە

لەدرێژەی پێشوازیی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی لە خوێندنگاو قوتابخانەکانی شاردا، رۆژی ٢٠١١/٤/٥ پێشوازیی کرا لە خوێندکارانی قۆناغی دەیەمی ئامادەیی بێخاڵی کچان، دوای گەشتی خوێندکاران و ژمارەیەك لە مامۆستایانی ئامادەیی ناوبراو بە بەشەکانی کتێبخانەداو ئاشنابوون بە تایبەتمەندی هەر بەشە، لە هۆڵی (دیلان)ی کتێبخانە سیمینارێك بۆ خوێندکارەکان سازکراو تیایدا بەڕێز یاسین قادر بەرزنجی (جێگری بەڕێوەبەری کتێبخانە) باسێکی سەبارەت (پرۆسەی خوێندنەوەو ئامانجەکانی) پێشکەش بە ئامادەبووان کردو دواجاریش وەڵامی پرسیارەکانیانی دایەوە.

### چاپکراوی نوێ
## ژنانی شێوەکار لە باشووری کوردستان




**راستی**

لەم رۆژانەدا، چاپکراوێکی تری ناوازەی رۆژنامەنووس و هونەرمەند بەختیار سەعید بەناوی (ژنانی شێوەکار لە باشووری کوردستان) گەیشتە کتێبخانەی کوردی.

ئەم کتێبە کە لە چاپێکی هونەریی رەنگینداو لە (١٣٥) لاپەڕەدا لەلایەن یەکێتی ژنانی کوردستانەوە لە چاپدراوە، ژیننامەو وێنەو هەڵبژاردەی بەرهەمی هونەریی ژمارەیەکی زۆر لە ژنە شێوەکارەکانی سەرجەم شارەکانی کوردستانی گرتووەتەخۆ.

ئامادەکاری ئەم رێبەرە هونەرییە (بەختیار سەعید) لە پێشەکیدا دەڵێت "جێگەی خۆیەتی ئێمەش وەك هەر میللەتێکی تر شانازی بەکارو بەرهەمە دانسقەکانی ژنانی وڵاتو میللەتەکەمانەوە بکەینو بیانکەنە پاسپۆرتێك بۆ شانازی کردنی هونەری شێوەکاریی لە باشووری کوردستاندا".

شایانی وتنە، ئەم رێبەرە بەسەرکردنەوەیەکی گرنگە بۆ ژنە هونەرمەندەکانی کورد، ئەوانەی هەر لە شەستەکانی سەدەی رابردووەوە تا ئەمڕۆ خزمەتی بەرچاویان بە بزاڤی هونەری شێوەکاری کوردی گەیاندووە.



تابلۆیەکی هونەرمەند نیان عوسمان

## لە سعودیە ئامێرێك بۆ فرۆشتنی کتێب

**القبس**

بۆ یەکەمین جار، لەسعودیە لەلایەن ژمارەیەك لە خانمانەوە پرۆژەی فرۆشتنی میکانیکی کتێب کەوتە جێبەجێکردنو مەبەستیش لەمە هاندانی خوێندنەوەو هێنانە کایەی نەریتێکی چێژبەخشە.

راگری کۆلێژی (دار الحكمة)ی کچان لە جدە رایگەیاندووە "کەمبوونەوەی دیاردەی خوێندنەوە لای گەنجان بەهۆی شۆڕشی تەکنەلۆجیاوە، وایکردوە بیر لەم پرۆژەیە بکەینەوە تاوەکو هانی خوێنەر بدرێت بۆ خوێندنەوەی زیاتر".

ئەم ئامێرە لای گەنجان پێشوازیی لێکراوەو ئەو وڵاتە وا بەنیازە لەم جۆرە ئامێرە لە سەرجەم زانکۆو خوێندنگاو بازاڕەکاندا دابنرێت تا پرۆسەی خوێندنەوە وەك پێویست بێت.




## هونەری رێکخستنی کتێب

**ئا. بێستون فەرهاد**

دەمانچە، گوڵ، کورسی، یانیش شتومەکی ئەبستراکت... لە سەردەمی بە دیجیتاڵکردنی کتێبدا، ئایا کتێب ژیانێکی دیکەی پێدەبەخشرێ؟

هونەرمەندان ئیلهامیان بۆ هاتووە کە کاری هونەریی نوێو سەردەمیانە پێشکەش بکەن. ئەوەتا هونەرمەندی ئەمریکی رۆبەرت زنجیرەیەك کتێبی لەسەر شێوەی دەمانچە دروستکردووە.




لەمبارەیەوە دەڵێ: "هەموو ئەو کتێبانەی بەکارمهێناون بریتین لەو کتێبانەی کە رۆژانە فڕێدەدرێنو وەك پاشماوە لەقەڵەم دەدرێن:".

لێرەدا بیرۆکەی ئەو هونەرمەندەمان بۆ دەردەکەوێت کە چۆن ژیانێکی دیکەی بۆ ئەو کتێبانە دابینکردووەو لە تیاچووندا رزگاریکردوون. بۆ ئەم کارەیشی، رۆبەرت دەڵێ کە سوودی لە بزووتنەوە هونەرییەکانی وەك ئینتباعییەتی ئەبستراکت، دادایی و سوریالی وەرگرتووە.



جیم رۆزانۆ هونەرمەندێکی دیکەیە کە کتێبی کۆنو فڕێدراوی کردۆتە هونەرێکی نوێ. ئەو لێرەدا زیاتر بەلای شتومەکی رۆژانەی وەك کورسیو مێزو ئینجانەی گوڵو شتی دیکەدا رۆیشتەوەو یەکێك لە کارەکانیشی بریتییە لە رەفەیەکی کتێب کە نرخەکەی لەنێوان ٥٠ تا ١٠٠ دۆلارە.

سەرچاوە:

لو مۆند – شوباتی ٢٠١١

## خوێندنەوەی منداڵان لە بەریتانیا



**اليوم السابع**

شارەزای پەروەردەیی بەریتانی (مایکل جوف) جەختی لەسەر ئەوە کردوەتەوە کە پێویستە منداڵی ١١ساڵان، لە ساڵێکدا ٥٠ کتێب بخوێنێتەوە.

رۆژنامەی (گاردیان)ی بەریتانی لەسەر زمانی ئەو شارەزایەوە وتویەتی: پێویستە منداڵان بەلای کەمەوە لە هەفتەیەکدا کتێبێك بخوێنێتەوە تا ژیریی روو لە گەشەکردن بێت، هەرچۆن ئاماژە بەوەش کراوە کە پێشنیازی پسپۆڕەکە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا لە بەریتانیا جێبەجێ دەکرێت.

## کتێبخانەی قوتابخانەی حەمدی بنەڕەتی
## سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ قوتابیانو مامۆستایان



**ئا. تابان حەسەن**

قوتابخانەی حەمدی بنەڕەتی ساڵی ١٩٥٩ لە سلێمانی دامەزراوە، ئەم قوتابخانەیە کتێبخانەیەکی گرتۆتەخۆ و ساڵی ٢٠٠٧ کراوەتەوەو کۆمەڵێك کتێبو گۆڤاری بە زمانی کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی گرتۆتەخۆ، بابەتی کتێبەکان زیاتر (زانستو ئاینو فەلسەفەو هونەرو مێژوو جوگرافیاو وەرزشو ئەدەبو سیاسیو یاداشت)نو ژمارەی کتێبو گۆڤارەکانی ئەم کتێبخانەیە (٢٠١٦ )ن، هەروەها سێ کارمەند بۆ هەردوو دەوامەکە تەرخانن ئەوانیش (شادە ئەنوەرو دڵخواز کەریمو عەزیمە ئەبوبەکر)ن کە دوو خولی تایبەت بەکتێبخانەیان بینیوە.

خاتوو شادە ئەنوەر لێپرسراوی کتێبخانەکە وتی: سەرچاوەکان لەناو کۆمپیوتەردا تۆمارکراونو خشتەی تۆمار بەهەر سێ زمانی کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی تۆمارکراونو پۆلێنی کتێبەکان لەسەر رێسای پۆلێنی دیوی کراون. سەرچاوەکان بەکڕین لە پێشانگاکان یان بەدیاری لەلایەن خانەی سمۆرەو بەڕێوەبەرێتی چاپو بڵاوکردنەوەو خانەی وەرگێڕان بەدەستمان دەگات.

هەروەها وتی: بەردەوام قوتابیان سەردانی کتێبخانەکە دەکەن، دوو جۆر خواستنمان هەیە لەم کتێبخانەیەدا، ئەوانیش خواستنی (ناوخۆییو دەرەکی)ن، مامۆستایان لەکاتی پشووی وانەکان، یان لەکاتی تەواوبوونی وانەی رۆژانەدا، قوتابییەکان دەهێننە کتێبخانەکە بۆ خوێندنەوەی کتێبو گۆڤارەکان. هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە دوو ساڵە لەسەر ئاستی خوێندنگاکان پلەی یەکەم، واتا(نایاب) یان بەدەستهێناوە.

کتێبخانەکە بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی بۆ قوتابیانی قوتابخانەکە بڵاوکردۆتەوە کە بریتییە لە کۆمەڵێك چیرۆكو هۆنراوەی قوتابیان.

### جوانترین کتێبخانەکانی جیهان
## کتێبخانەی سنتگال سویسرا

**ئا. رۆژان سەیفور**

کتێبخانەی (سنتگال) لە سویسرا لەلایەن (سنت ئاتمار)ەوە دروستکراوەو زیاتر لە ٢١٠٠ دەستنووسی مێژوویی سەدەی هەشتەم تا سەدەی پانزەیەمی تیادا پارێزراوە.




سەرنووسەر
یاسین قادر بەرزنجی

راوێژکاران
ئاری بابان ــ شێرزاد سەعید

ستافی کارا
محەمەد کەریم ــ تابان حەسەن

نەخشەساز
مەهدی ئەحمەد

تایپو هەڵەبڕی
بەیان عەلی ـ بەهرە عیزەدین

کارگێڕی
ئاشتی عوسمان دانش



ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، کتێبخانەی گشتی
ت: ٣٢٠٢٧١٦ - ٠٧٧١١٥٥٥٥٩٩
Email: asoyktebkhana@yahoo.com